ئەلیکساندەر خۆدزکۆ

# چەنـــد
# لێکۆڵینـەوەیەکی فیلۆلۆژی
# دەربارەی زمانی کوردی
# ( دیالێکتی سلێمانی)

نەجاتی عەبدوڵڵا
له فرانسییەوه کردوویه به کوردی،
پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوه

پێداچوونەوەی زمانەوانی و پێشەکی:
فەرهاد شاکەلی

بنکەی ژین
سلێمانی ٢٠٠٥

## پێشکەشە :

- یەکەمین مامۆستام،
دایکی زێدە خۆشەویستم
کە فێری زمانی شیرینی کوردی
کردم.
- بە پارچە شیرینەکانی ڕۆحم
"ژووان" و "ژینۆ"
دیاری و پێشکەشە

نەجاتی عەبدوڵڵا

# پێشەکی وەرگێڕ

**خوێنەری خۆشەویست،**

**ئەم لێکۆڵینەوە زمانەوانییەی بەردەستتان یەکێکە لە کارە دانسقەکانی زمانزان و دیپلۆمات و ڕۆژهەڵاتناسی گەورەی پۆڵەندی ئەلیکساندەر بۆریـژکۆ خۆدزکۆ کە لە ساڵەکانی ١٨٥٣– ١٨٥٤ بە یاریدەی ئەحمەد پاشای بابان نووسراوە.**

**ئەم نامیلکەیە**[١] **ساڵی ١٨٥٧ لە زنجیرەی پێنجەم** cinquième série**، بەرگی نۆیەم ٩** tom**، ژمارەی مانگی نیسان و ئایاری گۆواری** *Asiatique Journal* **دا بڵاوکراوەتەوە و دەمێکە سرنجی منی ڕاکێشاوە و لە بەر چەند هۆیەك کردنە کوردیم بە پێویست زانی:**

**یەکەم: ئەوە یەکەمجارە بە شێوەیەکی ئاوەها زانستی لێکۆڵینەوەییێکی ئاوەها ورد لەبارەی زمانی کوردییەوە بکرێ کە بێگومان سەرکەوتنی ئەم کارە بە پلەی**

---

[١] نوسەرێکی فرانسی Jules Laurens لە ڕۆژنامەی *L'Ilustration* ی پاریسی ژمارەی ڕۆژی ٢٥ی فێڤریەی ساڵی ١٨٥٤ لە گوتارێکیدا بە ناوی *Les Kurdes: Notes d'un voyage en Turquie et en Perse* ( کوردەکان: چەند سرنجی گەشتێك بۆ تورکیا و ئێران ) چەند سەرەقەڵەمێکی لە بارەی خۆدزکۆوە نووسیووە کە لە چەند سەرێکەوە زانیارییەکان بۆ ئێمە گرینگن. لۆرێنس لە گوتارە کورتەکەیدا کە تا دوا رادە دۆستانە و مرۆیانە باسی کورد دەکات و لەبارەی خۆدزکۆوە دەنووسێ: ( *بەرێز خۆدزکۆ نوسیاری کتێبێکی رێزمانی تورکی و چەندین کاری وەرگێڕانی ناوازەی ئەدەبی فارسی، ئێستە سەرقاڵی فەرهەنگێکی کوردییە، ئەم کارە تاقانەیەی رۆژهەڵاتناسێکی ئاوەها بەناوبانگ، بایەخێکی دڵنیاکەرەوە بە زمانێك دەدات کە ئێمە بە گشتی وستوومانە هەر تەنها وەك شێوەزارێکی فارسی تیی بڕوانین، کە لەوانەیە ئەمە لە سۆنگەی نەبوونی بەرهەمی نووسراو بێت بەو زمانە)*، بڕوانە سەرچاوەی ناوبراو. ئەم چەند سەرە قەڵەمە چەند راستییەکمان پێدەڵێ: یەکەم لەوانەیە خۆدزکۆ خەریکی ئامادەکردنی فەرهەنگێکی کوردی بووبێت و لە بەر هەر هۆیەك بووبێ تەواوی نەکردبێ یا نووسیویەتی و بڵاونەکراوەتەوە یاوەکو هەر تەنها ژوول لۆرێنس مەبەستی لەم ووتارەی بەردەست بووە، کە بەراستی ئەگەر ئەمە مەبەست بووبێت، ئەمە فەرهەنگ نییە. وەرگێڕ.

یەکەم لە ئەنجامی زمانزانی و شارەزاییی یەکجار زۆری خۆدزکۆ بووە لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان و بە تایبەتیش لە زمانی فارسیدا، کە ئەمە لەگەڵ کوردیزانیی ئەحمەد پاشا پێکەوە ئەم کارە نایابەی لێ کەوتەوە، کە ئەمڕۆ ١٤٧ ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی بە زمانی فرانسیی بۆ یەکەمجار دەکرێتە کوردی.

دووەم: ئەم باسە یەکەمین کتێبێکی چاپکراوە (بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی تا ئێستە لەبەردەستدان) کە، پەخشانی نووسراوی کوردیی بە زمانی کوردی تێدا نووسرابێتەوە، کە پێش ئەو نووسین بە زمانی کوردی لە هیچ لایەك چاپ و بڵاونەکراوەتەوە.

سێیەم: میتۆدی کتێبەکە لە ڕووی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی بۆ خۆی کارێکی بێهاوتایە و ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم تا ئێستەش کارێکی لەم شێوەیە ئەنجام نەدراوە.

هاوزمانە خۆشەویستەکانم:

لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا تووشی زۆر ئاڵۆزی و گرفت هاتم کە لە هەموویان گەورەتر ئەوە بوو کە خۆدزکۆ بە میتۆد و شێوازێکی زمانناسیی ئەورووپی زمانی کوردیی شی کردۆتەوە و لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵێك ڤۆکابیۆلێر و زاراوەی زمانەوانیی بەکار هێناوە کە کردنە کوردییان کارێکی وا ئاسان نەبوو.

من چەندین جار لە وەرگێڕانی ئەم نامیلکەیە سارد دەبوومەوە و هەر خەریك بوو دەستبەرداریشی ببم، بەڵام خۆشبەختانە هەر خۆم لە خۆمم دەپرسی باشە تۆ بڵێی زمانی کوردی دەرۆستی ئەم وەرگێڕانە نەیەت؟ باشە ئەگەر زمانی کوردی ئاوەها بەرتەسکە با هەر واز لە نووسین بهێنین، باشتر نییە؟ هەر خۆم ورەم دەدایە بەر خۆم و دەمگووت باشە خۆ هەژار، هێمن، مەسعوود مەحەمەد، مەلا شوکور، سەجادی، گیوی موکریانی و خاڵ و زۆری دیکە چەند پێش ئێمە ژیاون و چەندەش کوردییەکەیان لە ئێمە پاراوتر و شیرنتر بووە و هیچ کاتێکیش بۆ وشە دانەماون.

گرفتێکی دیکە ئەوە بوو کە ڕێنووسە کوردییەکەی خۆدزکۆ خوێندنەوەی زۆر سەخت بوو و من لە زۆر جێگەدا بە یارییدەی وەرگێڕاوە فرانسییەکە

کوردییەکەیم راستکردۆتەوە. حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە من لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا تا پێم کرابێ ویستوومە زمانە کوردییەکەی ئەحمەد پاشا وەکوو خۆی بهێڵمەوە و هیچ دەستکاریەکی نەکەم و لەو جێگایانەشدا کە ناچار بوومە پەنا ببەمە بەر فرانسییەکە پەراوێزم بۆ داناون. هەر لەم روانگەیەوە کۆمەڵێک وشە هەبوون وەک: کرت (کرد)، بەرت (بەرد) دەمکرت (دەمکرد)، پێنسەت (پێنسەد)، نامەرت (نامەرد) و زۆر نموونەی دیکە کە ڕێگەمان بە خۆمان نەدا وشەکان بەوجۆرەی ئەمڕۆ راستبکەینەوە و بە هیچ شێوەیەکیش دەستکاری وشەکانمان نەکردووە، مەبەستیشمان لەمەدا ئەوەبوو دەقەکە بە ئەمانەتەوە وەکوو خۆی بپارێزین و وەکوو کەرەستە بیخەینە بەردەم زانایانی زمان تا لەم ڕێگەیەوە لە ئاستی پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی زمانی کوردی ئاگادار بن.

خۆدزکۆ لەم کتێبەدا لەپاڵ کوردییەکەدا کە بە ڕێنووسی فارسی نووسیویەتەوە، ترانسکریپسیۆنی لاتینی کوردیەکەشی لەگەڵە، بەڵام چونکو لاتینییەکەی خۆدزکۆ هێندە ناقۆڵایە کە هەر رووی چاپکردنەوەشی نییە، بۆیە ئازایانە وەلام نا کە پێم وایە ئەمە زێتر خزمەتی بابەتەکە دەکات. خاڵێکی دیکە کە زۆر سرنجی ڕاکێشام ئەوەیە کە گەرچی خۆدزکۆ لە پێشەکییەکەیدا لای وایە ئەم لێکۆڵینەوە فیلۆلۆژییە تەنها تەرخانی دیالێکتی سلێمانی کراوە نەک دیالێکتی بابان. بەڵام راستیەکەی ئەوەیە ئەم باسە تەرخانی دیالێکتی بابانەکانی سلێمانییە. بۆ نموونە لە جیاتی ( ئەمساڵ ) نووسرا وە ( ئەمسار)، رۆژهەرات، مندار، مار و مندار و زۆر وشەی دیکە کە ئەمە بە هیچ شێوەیەک ئەمڕۆ لە دیالێکتی سلێمانیدا بەم شێوەیە نییە. لێرەدا بێجێ نییە ئەگەر بپرسین داخۆ دەبێ چ نزیکییەک لە نێوان دیالێکتی بابان و شێوەزاری هەولێردا هەبێت کە هەردووکیان هەموو ( ڵ) ێک دەکەنە (ر)، لە کاتێکدا ئەم دووانە لە رووی جوگرافییەوە هێندە وا زۆر لە یەکەوە نزیک نین.

دواجار ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێم پرۆژەی ئەم وەرگێرانە دەگەڕێتەوە بۆ سەروبەندی چوونم بۆ پاریس، هێشتا دەستم بە پرۆژەی وەرگێڕانەکە نەکردبوو وادەی بە کوردی پێداچوونەوەی وەرگێڕانەکەم لە کاک فەرهاد شاکەلی

وەرگرت. کاك فەرهاد دوور لە جیهانی شیعر و ڕۆحە سۆفیگەریە پاکەکەی خۆی خۆشبەختانە یەکێکیشە لەو کەمە کوردیزانە بە سەلیقە و وەدەستەبژێرانەی کە ئەگەر بشێ دەکرێ بڵێم قووتابییەکی زۆر زیرەکی مامۆستا مەسعوود محەمەدە لەهونەری کوردی نووسیندا. کاك فەرهاد لە رووی زمانەوانییەوە دێر بە دێر بەم وەرگێڕانە کوردیەکەدا چووەتەوە و تێبینیگەلێکی زۆری بۆ نووسیم و گەلێك هەڵە و پەڵەشی بۆ راستکردمە و دوایش وتارێکی زانستیانەی لەسەر وەرگێڕاوە کوردییەکە نووسی کە کردمانە پێشقەرەوڵی کتێبەکە. من لە وەرگێڕانی ئەم نامیلکەیەدا تا توانیبێتم ڕۆحە کوردییەکەی ئەحمەد پاشا و میتۆدە زانستییەکەی خۆدزکۆم پاراستووە و کاك فەرهادیش بە هەمان هەناسە لەسەر ڕاستکردنەوەی تێکستە کوردیەکان کاریکردووە. ئەم نامیلکەیە ئەگەر بەهەق بووایە دەبوو ناوی ئەحمەد پاشای بابان– یش لە گەڵ ناوی خۆدزکۆ بنووسرایە.

گرینگی ئەم گوتارەی خۆدزکۆ بۆ ئێمە هەر تەنیا لایەنە زمانەوانییەکەی ناگرێتەوە کە بە هیوام زمانناسانی کورد بە ووردی خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ بکەن، بەڵکە دەکرێ ئەم گوتارە لە زۆر رووەوە کاری دیکەی لەسەر بکرێ و کەرەسەیەکی چاکە بۆ زمانەوان، سۆسیۆلۆگ، مێژوونووسانی ئەدەب و زۆر لایەنی دیکەی کلتووری کوردی کە بە هەق شایانی چەندین نامەی زانستییە بۆ کەسانێك بیانەوێ وەکوو مەتریال کاری لەسەر بکەن. هەر لەم ڕوانگەیەوەی کە وەدەستکەوتنی ئەم گوتارە لە کوردستاندا ڕەنگە هێندە ئاسان نەبێت بۆیە وامان بە باش زانی سەرجەمی لاپەرەی تێکستی پەخشانەکانی دوایی گوتارەکە کە بە قەڵەمی ئەحمەد پاشا نووسراون بکەینە پاشبەندی کتێبەکە هەم بۆ نیشاندانی وەك کەرەسەیەکی پەخشانی کوردی کە بە قەڵەمی ئەحمەد پاشا خۆی نووسراون کە واپێدەچێ تا ئێستەکە یەکەمین و کۆنترین کەرەسەی نوسینی چاپکراوی کوردی بن و هەم بۆ شارەزابوون لە جۆری کوردیی نووسینی ١٤٧ ساڵ بەر لە ئێستە و نیشاندانی سەرەتایەکانی نووسین بە ئەلفبێ عەرەبیی–کوردی کە ئەمڕۆ نووسین بەم ئەلفبێیە گەیشتۆتە ئاستێکی

زۆر بەرزی کوردیی نوسین و زۆر جوانیش لە گەڵ فۆنەتیکەکانی کوردی خۆی گونجاندووە.*

خوێنەری خۆشەویست،

لەگەڵ وەرگێڕانی ئەم نامیلکەیەدا من پێم باش بوو سەرچڵێك لە بارەی ژیانی خۆدزکۆ و ئەحمەد پاشای بابانەوە بنووسم، سەرگوزشتەی ئەحمەد پاشای بابان ئەو چەند سەرەقەڵەمانەن کە لێرە و لەوێ لە ڕێگەی گەرۆکی فرانسی یۆژین فلاندن و چەند سەرچاوەیەکی دیکەی ئەملا و ئەولا وەچنگم خستوون و چەند لاپەڕەیەکم لێ ڕەش کردوونەتەوە زۆر بە هیوام ببێتە بناغەیەك بۆ زۆر کاری دیکە لە بارەی ئەحمەد پاشای بابانەوە کە شایەد ڕۆژێك لە ئەرشیفخانەکانی تورکیا و یەمەن بڕێك زانیاریمان لەوبارەیەوە وەگیر بکەوێ.

دواجار ماوەتە سەر ئەوەی بڵێم لە دوا لاپەرەی گۆواری *Journal Asiatique* کە گوتارەکەی خۆدزکۆی تێدا بڵاو کراوەتەوە نووسراوە (پاشماوەی لە ژمارەیەکی دادێ بڵاودەبێتەوە). ئەمە واتە ئەم باسە تەواو نەبووە. من هەر بۆ بە شوێنداچوونی ئەم گوتارە هەموو ژمارەکانی دوایی گۆوارەکەم بەسەرکردنەوە، کەچی داخەکەم لە هیچ ژمارەیەکدا درێژەی ئەم گوتارەم بەرچاونەکەوت، هیوادارم درێژەی ئەم گوتارە مابێت و رۆژێك لە ئەرشیڤی خۆدزکۆدا بدۆزرێتەوە.

دوا وشە پێم خۆشە لەم دەرفەتەدا سوپاسی زۆری بنکەی ژین بکەم بۆ خەمخۆری و دەستڕەنگینیان بۆ لە چاپدانی ئەم کتێبە و بە تایبەتیش سوپاسی زۆرم بۆ کاك رەفیق ساڵح و کاکە سدیق ساڵح کە سێبەری دڵسۆزی و

---

* نووسینی کوردی بەم ئەلفبێ یەی ئێستە ئێمە پێی دەنووسین گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز و لە هەموو ئەلفبێیەکانی دیکە جوانتر دەنگەکانی کوردی دەردەبڕێ. بەداخەوە ئەمڕۆ هەر بە نیازی سیاسی هەن دەیانەوێ بە خووتووخۆڕایی ئەلفبێی لاتینی بەسەر زمانی کوردی بسەپێنن کە ئەمە بەڕاستی هەقە زۆر بە توندی بەری لێبگیرێ. لە رووی زمانەوانییەوە ئەلفبێی لاتینی قەت ناتوانێ دەنگەکانی کوردی بەو شێوەیە دەرببڕێ کە کورد خۆی گۆیان دەکات. ئەم دیاردەیەی بە لاتینی نووسینە ئەگەر بەمشێوەیە بڕوات زمانی کوردی لە ریشەوە هەڵدەکێشێ و دواجاریش نە دەبینە ئەوروپی و سەرباریش لە کولتووری ناوچەکەش دادەبڕێین.

پەرۆشـیان بـۆ لـە چـاپدانی ئـەم کتێبـە سـنووری بـۆ نـەبوو، لـە دڵـەوە سوپاسگوزاریانم و بە هیوام خودا نموونەیان هەر زۆربکات.

نەجاتی عەبدوڵڵا
Nanterre- ٢٨-٠٩-٢٠٠٤

# زمانی پاشا و زمانی ڕەعیەت

## چەند سەرنجێکی زمانەوانی لەسەر زمانی کوردی

## ( دیالێکتی سلێمانی)

## بەپێی زانیارییەکانی ئەحمەد پاشای بابان و خۆدزکۆ

**فەرهاد شاکەلی**

**وا پێ دەچێت زۆر دەمێك نییە خوێنەری کورد بەم وتارەی خۆدزکۆی زانیوە، دەنا دەبوو هەر زوو تەرجەمەی کوردی بکرایە، یان هەر نەبێ لە وتارێکدا لەسەر ناوەڕۆك و بایەخی شتێك بنووسرایە. من خۆم وا بزانم یەکەمین جار لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی مامۆستا مەسعوود محەمەدەوە (١٩١٩–٢٠٠٢) زانیم کە وتارێکی ئاوەها لەسەر زمانی کوردی نووسراوە[٢]. هێندەیش من ئاگادار بم هەتا ئێستا نووسەری دیکەی کورد باسی نەکردووە. مامۆستا مەسعوود محەمەدیش ئەگەرچی بە شێوەیەکی زۆر زانستییانە لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا (چەپکێك لە گوڵزاری نالی) سوودی لە زانیارییەکانی ناو وتارەکەی خۆدزکۆ وەرگرتووە، بەڵام باسی ئەوە ناکات ئەو وتارەی لە کوێ بەر چاو کەوتووە. مامۆستا بێجگە لەو زانیارییەی پێوەندی بە ژیانی نالییەوە هەیە، ئەوەیشی جەخت کردووە کە نالی کتێبێکی لەبارەی ڕێزمانی عەرەبییەوە هەبووە. ساڵانێك دواتریش لە کتێبەکەی د.ن. مەکنزیدا (*Kurdish Dialect Studies*) ئەو کورتە سەرنجەم بینی کە لە سەر ئەم وتارە نووسیویەتی.[٣]**

---

[٢] **محەمەد، مەسعوود: چەپکێك لە گوڵزاری نالی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری [ی] کورد، بەغدا، ١٩٧٦.**

[٣] MacKenzie, D. N. : *Kurdish Dialect Studies*, Oxford University Press, London ١٩٦١.

لەم بیست و ئەوەندە ساڵەی ڕابوردوودا من کۆمەڵێ وتار و سەرچاوەی گرنگی زانستیم لەسەر زمانی کوردی و بابەتەکانی دیکەی سەر بە کوردەواری کۆ کردوونەوە (فۆتۆکۆپیم کردوون)، کە ڕەنگە تێکڕای بگاتە سێهەزار لاپەڕەیەك. بابەتەکانی لای من لە پلەی یەکەمدا بە زمانی ئینگلیزین. بەڵام هەمیشە ئەوەم لە دڵدا بوو کە وتارەکەی خۆدزکۆیشم دەست بکەوتایە، ئەگەرچی من زمانی فرانسی ناخوێنمەوە. کە هەشت نۆ ساڵێك لەمەوبەر کاك نەجاتی عەبدوڵڵا هات بۆ پاریس بۆ خوێندن و پێوەندیی پێوە کردم، هەر زوو هەستم کرد ئەم پیاوە لە زۆربەی (ئەوانی دیکە) جیاوازە. لە هەلێکدا داوام لێ کرد وتارەکەی خۆدزکۆم بۆ کۆپی بکات و دواتریش دام بە گوێیدا کە هەوڵێ بدات بیکاتە کوردی. وتی دەیکەم، بە مەرجێ تۆیش لە ڕووی زمانەوانییەوە پێیدا بچیتەوە. هەر زوویش ڕێك کەوتین.

خۆشبەختانە کاك نەجات لەو لاوانەیە کە بواری زانستی و بواری تۆژینەوەی خوی دەناسێت و دەزانێ خۆی بە چییەوە خەریك بکات. ئەو بە ڕادەی یەکەم خۆی بۆ مێژوو، ئەویش مێژووی کوردستان، تەرخان کردووە. لەبەر ئەوە کە ئەو ئێستا هاتووە ئەم وتارەی کردووە بە کوردی، ئەرکێکی نائاسان و بگرە ناخۆشیشی خستووەتە ئەستۆی خوی. وەك ئەوەیە داوا لە من بکرێ وتارێك لەسەر کشتوکاڵی کوردستان بکەمە کوردی، کە نایکەم. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەنجامی کارەکەی هیی ئەوەیە کە پەسن بدرێت و بەرز بنرخێنرێت.

لێرەدا مەسەلە هەر ئەوە نییە تێکستێك لە فرانسییەوە بکرێتە کوردی. ئاڵۆزییەکە لە پێش هەموو شتێکدا لەوەوە دەست پێ دەکات کە بابەتی وتارەکە زمانەوانییە و پێویستی بە کۆمەڵێ تێرم (زاراوە) هەیە کە هێشتا لە زمانی کوردیدا جێگەی خۆیان نەگرتووە. لە سەردەمی ئەمڕۆدا هەموو زانستەکان زاراوەی خۆیان هەیە و کە تۆ زاراوەی زانستێکی تایبەتت نەزانی، نایشتوانی لەو بوارەدا قسە بکەیت و بنووسیت. کۆسپی دووەم ئەو تێکست و ڕستە و دەستەواژە کوردییانەن کە لە وتارەکەدا بە کار هاتوون و سەرلەبەریشیان کەسێك ئامادەی کردوون و نووسیونی، ئەگەرچی خوێندەوارە بەڵام، نە

زمانەوانە و نە نووسەر، بەڵکە سیاسەتمەدار و دەستەڵاتدارێکی سەردەمی خۆیەتی، مەبەستم ئەحمەد پاشای بابانە، کەئاگادەر (Informant)ی خۆدزکۆی نووسەری وتارەکەیە.

ئەلیکساندەر خۆدزکۆ، بە پێچەوانەی پاشاوە، زمانەوانە ( لینگویست یا فیلۆلۆگیست) و کۆمەڵێ زمانی ڕۆژهەلاتی و ڕۆژاوایش دەزانێت. ئەو ئەگەرچی یەك وشەیە کوردیی نەزانیوە، بەلام لەبەر ئەوەی شارەزای پێکهاتەی زمانە، بە تایبەتی زمانانی ئێرانی، توانیویەتی زانیارییەکانی پاشای کوردی بابان لە چوارچێوەی زانستی زمانەوانیدا جێ بکاتەوە و بنەمای زانستییان لێوە هەڵێنجێ. لەگەڵ ئەوەیشدا وەك زانایەکی ڕاستەقینە خۆنزمگرانە پێ لەوە دەنێ کە شارەزای کوردی نییە و کارەکەی ناتەواویی تێدایە و بۆ کەسانی لە خۆی زاناتری بە جێ دەهێڵێت.

بایەخی ئەم گوتارەی خۆدزکۆ هەر ئەوە نییە کە وێنەیەکی ئەو سەردەمەی دیالێکتێکی زمانی کوردیمان پێشان دەدات و لە ڕووی مێژووی زمان و ڕێزمانەوە کۆمەڵێ زانیاریمان دەداتێ کە بۆ تێگەیشتنی ئەمڕۆی زمانی کوردی گرنکن. ئەم لایەنەمان هەر بە خوێندنەوەی وتارەکە بۆ دەردەکەوێت. بەلام ئەمە تاکە وتار نییە لەم بوارەدا، چونکە پێش ئەم، چەند ڕۆژهەلاتناسێکی دیکەیش لەسەر زمانی کوردییان نووسیوە، ئەگەرچی ئەوان لەسەر دیالێکتەکانی تریان نووسیوە، بە تایبەت دیالێکتەکانی کرمانجیی باکوور، و ئەم لەسەر بەشەدیالێکتی بابان (یا سلێمانی) کاری کردووە. بایەخی وتارەکە، لە پاڵ مێژووی ڕێزماندا، ئەوەیە کە بە هۆی تێکستەکانەوە، کە وا دیارە خۆدزکۆ هەمیشە پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە ئەحمەد پاشا بە نووسین بیداتێ، کۆمەڵێ وشە و دەربڕینمان بۆ ماوەتەوە کە هەندێکیان ئەمڕۆ، لەو بەشە دیالێکتەدا، هەر نەماون. بێجگە لەمانەیش لێرە و لەوێی وتارەکەدا هەندێ زانیاریی لاوەکیمان دەست دەکەون کە بۆ مێژووی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەلایەتیی کوردستان، بەتایبەت کوردستانی خواروو، گرنگن. هەر بۆ نموونە دەبینین ئەو تۆزە زانیارییەی لەسەر (نالی)ی شاعیر چەندە کەڵکی هەبووە بۆ ئەو

لێکۆڵینەوە نایاب و دەگمەنەی کاتی خۆی مامۆستا مەسعوود محەمەد بڵاوی کردەوە.

خۆدزکۆ لە کات و سەردەمێکدا خەریکی ئامادەکردنی ئەم نووسینە بووە کە لە زۆر جێگەی دیکەی ئەوروپاپیش، زانایان و ڕۆژهەڵاتناسەکان هەوڵی ناسینی کورد و وڵاتەکەیان و زمانەکەیانیان داوە. خۆیشی لە پێشەکییەکەیدا ئەمە باس دەکات. دیارە ئەو کاتە ڕۆژهەڵاتناسەکانی ڕووسیا زۆر چالاك بوون و بە هۆی نزیکییەوە لە دەوڵەتی عوسمانییەوە دەرفەتی باشیان هەبووە لەسەر کورد لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن. هاندەری ئەو کارەیشیان هەر تەنیا خواستی زانستی یا کورددۆستی نەبووە، بەڵکە بەرژەوەندییە سیاسی و عەسکەری و ئابوورییەکانی ئیمپراتۆرییەتی قەیسەریی ڕووسیایش ئەوەی پێویست بووە. ڕۆژهەڵاتناسانی ڕۆژاوایش هەر زوو کەوتنە خۆیان و چوونە ناوچەکانی کوردستان و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد. ئەمانیش نوێنەری ناڕەسمیی بەرژەوەندیی کۆڵۆنیالیستانەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژاوا بوون. هاوکات لەگەڵ ئەمان و پێش ئەمانیش میسیۆنێرەکان لە کوردستان بوون و لە پاڵ کاری بە ناو (زانستیدا) خەریکی بڵاوکردنەوەی دینی مەسیحییەت بوون و ڕێگەیشیان بۆ کۆڵۆنیالیستەکان خۆش دەکرد. من بەرهەمی دیکەی خۆدزکۆم بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام بەپێی قسەکانی پێشەکیی ئەم وتارە وا هەست دەکەم تا ڕادەیەك کوردی خۆش ویستبێت و هەوڵی دابێت بەرگرییەك لە زمانی کوردی بکات. لەناو ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکاندا جاروبار وا هەڵکەوتووە کە کەسێکیان بڕێك هاودەردیی لە گەڵ کورددا هەبووە و شێوەی هەستێکی بەزەییئامێزی لا دروست بووە و دوو قسەی چاکیشی کردووە کە بە کەڵکی کورد بێت. ئەم هاودەردییە و ئەم هەڵوێستی جاروبار دۆستایەتییە هەرگیز ئەو ڕاستییە ناشێرێتەوە کە ئەوان بەشێك بوونە لە هەڵمەتی داگیرکارانەی کۆڵۆنیالیستان (و دواتر ئیمپەریالیستان) و بە کارە زانستییەکانیان ڕێگەی ناسینی ڕۆژهەڵاتیان بۆ دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و عەسکەریی ڕۆژاوا خۆش کردووە.

## چەند تێبینییەك لەسەر تێكستە كوردییەكە و بنەما ڕێزمانییەكان

### یەك: ڕێزمان  ( و فۆنۆلۆگی)

<> لەمێ: ئاوەڵكارێكە بە مەعنای (لێرە) بە كار هێنراوە. كە ئێمە بیر لەوە بكەینەوە (لەوێ) واتە (لە ئەو جێگەیە)، كەواتە (لەمێ) یش واتە (لە ئەم جێگەیە). من وای بۆ دەچم (ێ)ی هەردوو وشەكە شێوەی سواو یا كورتكراوەی (جێ) بێت.، واتە (لە ئەو جێ) سوابێت و بووبێتە (لە ئەوێ \لەوێ)، هەروەهایش ( لە ئەم جێ \ لە ئەمێ \لەمێ). شایانی باسە كە لە هەندێ بەشی ناوچەی گەرمیان ئێستاكەیش زۆر بە ئاسایی (لەمێ) لە باتیی (لێرە) بە كار دەبرێت. دیارە لە سەردەمی دەستەڵاتی بابانەكاندا (لەمێ) بە كار هێنراوە. شاعیری گەورەی كورد (نالی)، كە خۆی هاودەمی ئەحمەد پاشای بابان بووە، وشەكەی لە شیعرێكدا بە كار بردووە، كە دەڵێ:

به كوێری دوور لە (نووری) مایەوە (نالی) لەمێ، یا ڕەب!
فویووضی تۆزی ڕێگەی كوحلی چاوی ئەشكباری بێ [٤]

بەڵام شاعیری گەورەی كورد (مەحوی)یش، كە نزیكەی سیساڵ دوای نالی لە دایك بووە و لە دەیەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا كۆچی كردووە، ئەویش وشەكەی بە كار هێناوە و لە شیعرێكدا دەڵێ:

وەكوو ڕۆژ ئەو مەهە لەو دوورە دەركەوت
لەمێوە ئەشك و ئاهی ئێمە سەركەوت[٥]

---

[٤] مودەڕیس، مەلا عەبدولكەریم و فاتح عبد الكریم: دیوانی نالی، لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری [ی] كورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل٦٣٧.

[٥] مودەڕیس، مەلا عەبدولكەریم و فاتح عبد الكریم: دیوانی مەحوی، لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری [ی] كورد، بەغدا ١٩٧٧، ل:٨٧.

<> کن: به مەعنای (لا) یا ( تەنیشت، نزیك). لە زۆر ناوچەی کوردستاندا بە کار دەبرێت بەڵام لە سلێمانی، کەرکوك و گەرمیان نەماوە. لە کرمانجیی ژووروودا بە شێوەی (نك) دەگوترێت و لە گەڵ وشەی دیکەی وەك (جەم، ڕەخ، دەڤ) هاوواتایە. دەبێ لە سەردەمی بابانەکاندا و تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش بەکارهێنانی لەو ناوچانەیشدا ئاسایی بووبێت. (نالی) دەڵێ:

لە کن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من

لە کن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ [6]

مەحوی دەڵێ:

کە من دڵ پڕ کەدەرم و لێڵە عەیشم

لە کن من بەس بکەن باسی صەفا، بەس [7]

شێخ ڕەزای تاڵەبانی (ی کەرکووکی) دەڵێ

تف لە کوز دایکی لەلای خۆی کوڕی هێناوەتە دەر

گوو بە ڕیش بابی لە کن خۆی ئەمیش ئەولادی هەیە

.....

من لە کەرکووکەوە دێنێتە کن ئەم قەحپەژنە

لە گەڵم خەسمە فەلەك نییەتی بێدادی هەیە[8]

<> لە....دە: ئەحمەد پاشا لە قسەکانیدا لە دوای پریپۆزیسیۆنی (لە)وە، پۆستپۆزیسیۆنی (دە)ی بە کار هێناوە. خۆدزکۆیش ئەوە جەخت دەکات کە

---

[6] مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم و فاتح عبد الکریم: دیوانی نالی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری [ی] کورد، بەغدا ١٩٧٦، ل ٣٨٢.

[7] مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم و فاتح عبد الکریم: دیوانی مەحوی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری [ی] کورد، بەغدا ١٩٧٧، ل: ١٤٦، هەروەها لاپەڕەکانی ٢٢٣، ١٥٢، ١٢٥.

[8] مستەفا، شوکور: دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٠، لاپەڕە.٩٧، ٩٨. بەڵام لێرەدا دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەین کە شێخ ڕەزا وشەکەی وەك جۆرە ڕەوانبێژییەك (Rhetoric) بە کار بردووە، چونکە ئەو باسی (مام غەفوور)ی دەکات و مامیشی (کۆیی) بووە و لە کۆیە، ئەوسایش و ئێستایش، بەکارهێنانی ئاساییە.

پۆستپۆزیسیۆنی (دە) بە دوای (لە)دا دێت. باوەڕ ناکەم مەسەلەکە ئەوە بێت پاشا وشەکەی خراپ گۆ کردبێت، چونکە لە هەموو جێگەیەکدا ئەمە دووبارە دەبێتەوە و هەروەها ئەوەیش دەزانین کە پاشا زۆربەی ڕستەکانی بە نووسینیش داوە بە خۆدزکۆ. لە کوردیی ئەمڕۆدا پۆستپۆزیسیۆنی (دا) جێگەی (دە)ی گرتووەتەوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەم بارە لە کوردیی ژوورودا ڕێك بە پێچەوانەوە ڕووی داوە. لە تێکستە کلاسیکییەکانی کرمانجیدا (مەلای جەزیری، خانی) پۆستپۆزیسیۆنی (دا) بە کار هێنراوە. لە ڕۆژنامەکانی (کوردستان ١٨٩٨) و (ژین ١٩١٩-١٩١٨)یشدا دیسان بە زۆری هەر (دا) دەنووسرێت، کەچی لە دەرچوونی مانگنامەی (هاوار، ١٩٣٣)ەوە لە کرمانجیدا تا ڕادەیەکی زۆر (دە) جێگەی (دا)ی گرتۆتەوە. کوردیزانانی کوردستانی موکریان زۆر جەخت لەسەر ئەوە دکەن کە ئەو پریپۆزیسیۆنەی بۆ دۆخی لۆکاتیڤ (Locative) بە کار دەبرێت (دە)یە نەك (لە)، بەلاّم لە سلێمانی (هەروەهایش بەشی زۆری کوردستانی باشوور و ڕۆژهەلاّت) پۆستپۆزیسیۆنی (لە) بە کار دەبرێت. لە کرمانجیی سەروودا (د:di) دەگوترێت و دەنووسرێت.

◇ یەك: ڕاناوی هەردوولایی ( Reciprocal pronoun)، لە زمانی ئەمڕۆدا زیاتر بە شێوەی (یەکتر، یەکتری، یەکدی) بە کار دەبرێت، ئەگەرچی لە هەندێ ناوچە (بۆ نموونە گەرمیان) هێشتایش (یەك) لە کاردایە؛ (تۆ منت خۆشدەوێ، منیش تۆم خۆش دەوێ ، ئێمە یەکمان/ یەکترمان/ یەکتریمان/ یەکدیمان خۆش دەوێ). ئەحمەد پاشا (یەك)ی بە کار بردووە (یەك بە یەك دەرێن و یەك بانگ دەکەن...).

◇ دۆخی (ئۆبلیك): لە کۆمەڵێك زماندا هەبوونی دۆخی ئۆبلیك{ چەماوە} (کاسووسی ئۆبلیك) دیاردەیەکی ئاساییە. لە ئەمڕۆی زمانی کوردیدا دۆخی ئۆبلیك لە بەشی کرمانجیی سەروودا بە تەواوی پێڕۆ دەکرێت. هەبوونی ئۆبلیك لە کرمانجیدا بە یەکگرتنی دوو هۆ دروست دەبێت: گێنوس و دۆخەکانی ناکارا. لە ڕاستیدا لە کرمانجیدا ناو ( Substantive ) لە دوو دۆخی کارا و بانگکردن ( Vocative ) بەولاوە، هەموو دۆخەکانی دیکە بە ئۆبلیك دادەنرێت.

من لە ئەنجامی کارکردنێکی چڕوپڕدا لەسەر کرمانجیی باکوور، گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی دۆخی ئۆبلیک لە کرمانجیی باکووریشدا تا ڕادەیەک لاواز بووە، بەڵام ئەمە تەنیا زایەندی نێر (Masculine ) دەگرێتەوە، دەنا کە ناوی مێ ( Feminine) دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یا ئیزافە، دیسان هەر بە شێوەی ئۆبلیک گەردان دەکرێت. وا دیارە دۆخی ئۆبلیک لە دیالێکتەکانی خوارووی زمانی کوردییشدا لە سەردەمێکدا هەبووبێت، بەڵام لە ماوەی سەد ساڵی ڕابوردوودا وردە وردە ون بووە. ئەم لەناوچوونەی دۆخی ئۆبلیک ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی لەناوچوونی، یا کزبوونی ڕۆڵی، گێنوسە لە کوردیی خوارووداا. لە بەشەدیالێکتی موکریانیدا شوێنەوارێکی کەمی ئۆبلیک ماوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆڵی گێنوس لەوێیش نەماوە، بەکارهێنانی ئەو دۆخە بەپێی بنەمایەکی ڕێکوپێکی زمانەوانی بە کار ناهێنرێت. مامۆستا هێمن (١٩٨٦-١٩٢١) پێی وا بوو ئەو شێوە بەکارهێنانە دەبێ بە تەواوی وازی لێ بهێنرێت.

لە تێکستەکانی خۆدزکۆدا دۆخی ئۆبلیک بە شێوەیەکی سیستەماتیک دەردەکەوێت. ئەمە ئەوە پێشان دەدات لەو سەردەمەدا دۆخی ئۆبلیک هەبووە، چونکە ئەحمەد پاشا لە هەموو قسە و ڕستەکانیدا پێڕۆیی کردووە. لەم ڕووەوە من دوو سەرنجم لا دروست بوون: <یەک>: ئۆبلیک لە قسەکانی پاشادا هیچ پێوەندییەکی بە زایەند (گێنوس)ەوە نییە.، <دوو>: دۆخی ئۆبلیک هەر دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ (Accusative) یە، نەک دۆخەکانی دیکەی وەک بەرکاری ناڕاستەوخۆ (Dative) یا (Ablative) و (Genitive). خۆدزکۆ لە ڕوونکردنەوەی ئەم باسەدا تەنیا بەوە خۆی پەڕاندووەتەوە کە ( دۆخی بەرکارێتی acusatif لە ڕێگەی (ی) کۆتایی دروست دەبێ..) ( بنەمای ٩ لە بەشی-ناو-). ئەم باسە هەڵدەگرێ قسەی زۆرتری لەسەر بکرێت.

<> پاشگر (سوفیکس)ی (-ەوە): خۆدزکۆ لە کاتی گەردانکردنی هەندێ کرداردا لەوە سەری سووڕ ماوە کە دەبێ (کردەوە، بکەوە، دەکەیەوە) لە کوێوە هاتبێتن و بنەمای دروستبوونیان چی بێت. ڕاستییەکەی ئەم پاشگرە ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ و گەورەی بینیوە و دەبینێ بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی.

بەشێك لە کردار و ناوە کوردییەکان بە پێوەلکاندنی پاشگری (–ەوە) واتایەکی تازە وەردەگرن. تەنانەت ئەمڕۆیش ئێمە دەتوانین بۆ دروستکردنی وشە و چەمکی تازە سوود لەم پاشگرە وەربگرین.

<> پێشگری دە (ئە)ی کردار: هێندەی من ئاگادار بم لە هەموو زمانی کوردیدا تەنیا شێوەی قسەکردنی ناوچەکانی سلێمانی، گەرمیان و سنە و ئاخێوەرانی بەشە دیالێکتی (فەیلی)ن کە لە بنەمای بەکارهێنانی (دە) لایان داوە، دەنا هەموو زاراواکانی دیکەی کوردی پێشگری کرداری (دە، د، ت) بە کار دەبەن. مامۆستا تۆفیق وەهبی (١٩٨٤–١٨٩٤) بەم پێشگرە دەڵێ (پیتەقاڵبی)، د. ن. مەکنزی پێی دەڵێ (Modal affixes)، یان هەر تەنیا پێشگر (Prefix).

لە بەشەدیالێکتی سلێمانیدا ئەم بەکارهێنانی (ئە) یە دیاردەیەکی تازەیە و پێم وایە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پەیدا بووە، چونکە شاعیر و نووسەرانی کلاسیکی سەدەی نۆزدەیەم هەموو (دە)یان بە کار هێناوە. تۆفیق وەهبی دەڵێ لەبەر ئەوەی سەعید صدقی لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەمدا چووەتە بەر خوێندن لە مزگەوتەکانی سلێمانیدا، تەنانەت لەو ڕێزمانەیشدا کە ساڵی (١٩٢٨) بلاوی کردووەتەوە هەمیشە (دە)ی بە کار هانیوە و دەبێ (ئە)ی بە گۆڕینێکی عامی زانیبێ[9]. نالی، سالم و مەحوی لە شیعرەکانیاندا (دە)یان بە کار بردووە. مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندی (١٨٢٧–١٧٧٩) لە عەقیدەنامەکەی خۆیدا (دە)ی بە کار هێناوە[10]. هەروەهایش شێخ حوسەینی قازی (١٨٦٨–١٧٩٠). مامۆستا وەهبی پێی وایە (ئە) لەژێر تاوی بەشەدیالێکتی ئەردەڵان و جافیی شارەزووریدا هاتووەتە ناو زمانی قسەکردنی شاری سلێمانییەوە. لە زمانی ئەدەبیی ستانداردی کوردیدا لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە (دە) وەك پێشگری کردار، بۆ بنیاتنانی کرداری

[9] وەهبی، تۆفیق: ئەسڵی پیتەقاڵبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری [ی] کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٣، ل:٣٤–٩.

[10] مەلا کەریم، محەمەد: عەقیدەی کوردیی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری [ی] کورد، بەرگی هەشتەم، ١٩٨١، ل: ٢٢٢–١٩٩.

ڕانەبوردووی سادەی ئاگادەر و ڕابوردووی نارەبەق (بەپێی دەربڕینی مامۆستا وەهبی!) جێگەی گرتووە و تا ڕادەیەکی باش چەسپیوە و بەنزیکەوە هەموو نووسەرانی کورد بە کاری دەهێنن. بەڵام لە زمانی ڕۆژانەی قسەکردندا دیارە خەڵکی گەرمیان (بە کەرکووکیشەوە) و سلێمانی و ئەردەڵان هێشتا هەر (ئە) دەڵێن.

<> ئەز: ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك لە دۆخی کارابیدا هەندێ جار (ئەز) بە کار هێنراوە. لەم بارەیەوە پێشتریش شت نووسراوە. ڕەگوڕیشەی (ئەز) لە زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکاندا زۆر کۆنە. لە فارسیی کۆندا (فارسی باستانی Old Persian) بە شێوەی (ئەدەم) و لە ئاڤێستادا بە شێوەی (ئەزم) هاتووە. لە فۆلکلۆری کوردیدا پەندێك هەیە دەڵێ ( ئەگەر زانیت ئەزم، ئەگەر نەتزانی دزم). (ئەز) لە چەند شیعری نالیدا هەیە.

لە کرمانجیی سەروودا بنەماکانی بەکارهێنانی (ئەز و من) زۆر ڕێکوپێکن و جێی خۆیان گرتووە. هەندێ لە نووسەرانی کوردی باشوور و ڕۆژهەڵات لەم ساڵانەی دواییدا دەیانەوێ (ئەز) بخەنە ناو نووسینەکانیانەوە. بەڵام زۆر بە شێوەیەکی هەڵە و نەزانانە ئەم کارە دەکەن. بنەمای ڕێزمانیی ئەم دوو ڕاناوە دەکرێ بەم جۆرە کورت بکرێتەوە: کرداری ڕانەبوردوو، تێپەڕ بێت یا تێنەپەڕ، ڕاناوی بکەری (ئەز) دەبێت: ئەز دەنووسم، دەڵێم، دەبینم= ئەز دەچم، دێم، دەخەوم... بۆ کردارەکانی ڕێژەی ڕابوردوو، تەنیا کرداری تێنەپەڕ (ئەز) وەردەگریت: ئەز هاتم، چووم، ڕاوەستام، خەوتم..هتد، بەڵام : من نووسیم (نڤیسی)، وتم (گۆت)، خواردم (خوار)، پرسیم (پرسی)...هتد. هەروەها کاتێ ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك لە دۆخی (ئۆبلیك)دا دێت، دەبێ (من) بێت نەك (ئەز): ماڵی من، براکەی من، بۆ من، لە منەوە، لە مندا، ئەو من دەناسێت...هتد. مامۆستا تۆفیق وەهبی پێی وایە لە دەستدانی (ئەز) لە کوردیی خوارووددا هەڵەیەکی گەورە بووە و لەژێر کارکردی ئەردەڵانی–جافیدا ڕووی داوە.( ئەمە غەڵەتێکی گەورە بوو لە چاو سرشتی ئەسڵی زمانی کوردیدا. دیارە زمانەکەمان

دەمێکی زۆر نییە کە (ئەز)ی فەرامۆش کردووە. میستەر ڕیچ لە ساڵی ۱۸۲۰ دا لە سلێمانی گۆرانییێکی بیستووە کە تێیدا ڕستەی– ئەز دەناڵم– هەبووە) [۱۱]

<> ڵ > ر: یەکێك لە نیشانە هەرە دیار و جیاوازیدانەرەکانی نێوان بەشەدیالێکتەکانی ناوچەی سۆران و بابان، لە ڕووی فۆنەتیکییەوە، ڕەنگە ئەو دوو فۆنێمەی ڵ= ر بێت. بەشێکی زۆری ئەو وشانەی لە ناوچەی بابان فۆنێمی (ڵ)یان تێدایە، لە سۆران (ڵ) ەکە بە (ر) بێژ دەکرێت.

لە تێکستەکانی ئەحمەد پاشای باباندا، ئەم فۆنێمە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەپێی فۆنەتیکی ناوچەی سۆران بێژ کراوە، واتە زۆربەی ئەو وشانەی ئەمڕۆ لەسلێمانی و گەرمیان و موکریان و بەشەدیالێکتەکانی کوردیی نێوەڕاست (بێجگە لە سۆران) فۆنێمی (ڵ)یان تێدایە، ئەو بە شێوەی (ر) بێژی کردوون: بڵێ>بڕێ، خەڵووز>خەرووز، ئەمساڵ>ئەمسار، هەڵامەت>هەرامەت، کوتاڵ>کوتار، پەشتەماڵ>پەشتەمار، لەگەڵ>لەگەر، ساڵێك>سارەك، ماڵەوە>مارەوە، حاڵ>حار، حاسڵ>حاسر. ڕاستییەکەی ئەگەر ئەمە تەنیا یەك دوو جار ڕووی بدایە، وامان دادەنا کە خۆدزکۆ لە گواستنەوەدا هەڵەی کردبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە بەشی هەرە زۆری تێکستەکەدا ئەمە دووبارە و چەند بارە دەبێتەوە، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە پاشا هەر وا قسەی کردووە. بەڵام پرسیارێکی گرنگ ئەمەیە: ئایا ئەمە جیاوازیی نێوان زمانی پاشا و ڕەعییەتە؟ ئایا خەڵکی شارەکەیش ئەو کاتە هەر وا قسەیان کرووە، یا ئەمە تەنیا شێوەی ئاخاوتنی پاشایە؟ من خۆم گوێم لێ بووە کەسێکی سەر بە بنەماڵەی بابان (نەوەی ئەمڕۆ) کە قسەی کردووە هەندێ جار ئەو فۆنێمی (ڵ)–ەی گۆڕیوە و کردوویەتی بە (ر). ئەگەر باشم لە بیر مابێت، بەتایبەت بۆ (لەگەڵ) دەیگوت (لەگەر). مەکەنزی لە کتێبەکەی خۆیدا سەرنجێکی لەم بارەیەوە نووسیوە، دەڵێ: ئەوەی کە (پاشا) زۆر جار، بەڵام هەمیشە نا، (ڵ) وەك (ر) بێژ دەکات،

---

[۱۱] وەهبی: هەر ئەو سەرچاوەیە.

دەکریٚ وا لیٚك بدریٚتەوە کە تایبەتیٚتییەکی ئەریستۆکراتییانەیە. یان شیٚوەیەکی ناسلیٚمانییانەیە، کە زەحمەتە شیٚوەیەکی کۆنی زاراوەکە بیٚت[١٢].

<> د >ت: لە دوو جیٚگەدا دەنگی (د) گۆڕاوە و کراوە بە (ت): کرد (کرت)، نامەرد (نامەرت). لەوەیە ئەمە هەر هەڵەیەکی ئاسایی بیٚت کە پاشا لە کاتی نووسیندا کردبیٚتی، یا خۆدزکۆ بەهەڵە گواستوویەتییەوە.

<> بەشیٚك لەو بنەما ڕیٚزمانییانەی خۆدزکۆ لە وتارەکەیدا پیٚشکەشی کردوون، لەگەڵ ڕاستییەکانی زمانی کوردیدا ناگونجیٚن. ڕەنگە ئیٚمە بتوانین لەم لایەنە بگەین و وای پاساو بدەین کە کابرا زمانەکەی نەزانیوە و کارەکەی لە جیٚگەی قسەپیٚکردنی زمانەکە، کوردستان، ئەنجام نەداوە. بەڵام هەندیٚ لە ئەنجامگرییەکانیشی هیٚندە نازانستییانەن کە بۆ کەسیٚکی شارەزای زمانەوانی ناکریٚ بکەویٚتە هەڵەی لەو جۆرەوە (نوختەی ١٦ و ٢٣ و ٣٥ی بەشی ناو). هەڵەیەکی زۆر ئاشکرای خۆدزکۆ بەکارهیٚنانی، یا تیٚکەڵکردنی، تیٚرمە ڕیٚزمانییەکانە. ئەو لە گەلیٚ جیٚگەی وتارەکەیدا کە دیٚت کرداری فەرمان/ ئەمر (Imperative) باس دەکات، نموونەکانی هیی فەرمان نین، بەڵکو هیی ڕانەبردووی خوازیارین (Present subjunctive)، کە مامۆستا وەهبی ناوی دەنیٚ (موزاریعی پەیڕەوی). ئەم دوو ڕیٚژەیەی کردار دوو شتی جیاوازن. باوەڕ ناکەم خۆدزکۆ نەیتوانیبیٚت پاشا حاڵی بکات، بە تورکی و بە فارسی، و لیٚی بپرسیٚت کە کورد ئەم کردارە چۆن دەڵیٚن و چۆنی بە کار دەهیٚنن. هەروەك دەبیٚ پاشایش توانیبیٚتی بە ئاسانی بۆی ڕوون بکاتەوە. هەڵەکردن بە تایبەت لەم نوختەیەدا سەیر دیٚتە پیٚش چاو، لەبەر هۆیەکی ئاسان؛ ڕیٚژەکانی دیکەی کردار دەکریٚ بۆ شەش کەس گەردان بکریٚن، بەڵام فەرمان تەنیا بۆ دوو کەس گەردان دەکریٚت: کەسی دووەمی تاك و کەسی دووەمی کۆ.

[١٢] MacKenzie, op. cit, P; xix

## دوو: وشە و دەستەواژە

<> بیدمشك: ئەحمەد پاشا لە جێگەیەكدا باسی خواردنەوەی شەربەتی (بیدمشك) دەكات، كە وا پێ دەچێت ئەو سەردەمە خواردنەوەیەكی باو بووبێت و لە كەبابخانە و چێشتخانەكان لە گەڵ نان و خۆراكدا دانرابێت. دیارە وشەكە بەو شێوەیەی پاشا نووسیویەتی فارسییە. فارس پێ دەڵێ (بیدمێشك =بیدمشك). گیوی موكریانی پێی دەڵێ (بێ مشك> بیرمشك) و وای لێك دەداتەوە: دارێكە وە دارەبی دەچێ، ئارەقی گوڵە بۆنخۆشەكانی دەگیرێ وە لەویش شەربەتی دروست دەكەن[١٣]. مامۆستا هەژاریش پێی دەڵێ (بیمیشك) و لە ڕوونكردنەوەدا دەڵێ: جۆرێ بییە گوڵی سپی و بۆنخۆش دەكا[١٤].

<> جموشگەه: پاشا ئەم وشەیەی بەرانبەر ( جمگە یا جومگە)ی ئەمڕۆی كوردی بە كار بردووە. شایانی سەرنجدانە كە وا پێ دەچێ لە (جنبشگە یا جنبشگاە)ی فارسییەوە هاتبێت و ئەم هەموو گۆڕانەی بەسەردا هاتبێت، ئەگەرچی لە فارسیی ئەمڕۆدا وشەیەكی وەها هەر نییە. (جنبشگە) واتە جێگەی سووڕانەوە و بزووتن. دیارە جمگە یا جومگەیش ئەو جێگەیەیە كە دوو ئێسك (ئێسقان) بە یەك دەگەن و بە هۆی پارچەیەك كرتێنكەوە كە دەكەوێتە نێوانیان دەتوانن بسووڕێنەوە و ببزوون.

<> دیوانخانە: شێوەی باوی لە كوردیی ئەمڕۆدا (دیوەخان)ە. شێوەی دیكەیشی هەیە وەك (دیوان، دیواخان، دیواخانە، دیوەخانە).

<> گزنگ: بەڕاستی من پێم وا بوو ئەم وشەیە لە زمانی كوردیدا نوێیە و ڕەنگە ئەم چل پەنجا ساڵەی دوایی پەیدا بووبێت.

<> داخستن: بە مەعنای پانكردنەوە، بڵاوكردنەوە و دانانی شتێك لە سەر زەوی (سفرە، حەسیر، دۆشەك، قاڵی و هتد). ئەمڕۆ زیاتر دەگوترێ (ڕاخستن). لە ناوچەی گەرمیان تا سی ساڵ لەمەوبەر هەر دەگوترا (داخستن) نەك (ڕاخستن). نازانم ئێستایش وا دەڵێن یا نە. پێشگری (دا) كە یەكێكە لەو

---

[١٣] موكریانی، گیو: كوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر ١٩٩٩.

[١٤] هەژار: هەنبانەبۆرینە، فرهنگ كردی–فارسی، سروش، تهران ١٣٦٩.

پێشگرانەی بە هاوکاریی کردارێکی سادە، کرداری لێکدراو ( Compound verb) دروست دەکات، بە ڕادەی یەکەم بزووتنەوەیەك دەگەیێنیٚ لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە بەرزییەوە بو نزمی.

<> چشت: لە کوردیی ئەمڕۆدا بە زۆری دەگوتریٚ (شت). هەر ئەم شێوەیەیش بۆتە بەشێك لە تێرمی (شتومەك) کە لە ناوچەی سۆران کورت کراوەتەوە و بووەتە (شمەك). لە ناوچەی گەرمیان جاران دەگوترا (چت). لە بادینانی و کرمانجیدا دەگوتریٚ (تشت).

<> یەملك (یەملیك): وشەیەکی تورکییە بە مەعنای (نان، خۆراك، خواردن، شێو، شیو، چێشت).

<> سفرە، بریانی، پلاٚو: کۆمەڵە تێرمێکی گرنگن لە بواری نانخواردن و میوانداری و کەیف و ڕابواردن و سەیراندا.

<> چاوەش (یا چاووش): شمشێربەدەست، پاسەوان، نامەبەر، مۆسیقاژەنی کۆشکی پاشا. لەم تێکستەدا هەر لە باتیی خزمەتکار بە کار هاتووە.

<> کیلەرچی (وشەیەکی تورکیی عوسمانییە): کیلەر یا کیلار، ئەنبار، عەمار یا عەمبار: جێی هەڵگرتن و پاراستنی خواردەمەنی و ئازووخە. کیلەرچی: خزمەتکار، نۆکەر، بەلاٚم زیاتر بۆ سەرۆکی خزمەتکارانی کۆشك دەگوتریٚ، بەتایبەت ئەوەی کە بەرپرسی ئامادەکردنی خوان و خواردنەوەیە.

<> دراو: وا باوە کە دەبیٚ لە (دراخما)ی یۆنانییەوە، و لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە، هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە (دراخما>درهەم>درەم>دراو یا دراڤ). وشەی درهەم لە قورئانی پیرۆزدا هەیە: ( وشروه بثمن بخس دراهم معدودة وکانوا فیه من الزاهدین) سوورەتی یوسف، ئایەتی بیستەم.

<> مانهەڵگرتن: لە کوردیی ئەمڕۆییدا دەڵێین (مانگرتن) و ئەمەیش چەمکێکی زیاتر سیاسیی هەیە کە بەرانبەر (اضراب)ی عەرەبی و (Strike)ی ئەورووپایی بە کار دەهێنرێت. وا پیٚ دەچێت لە سەردەمی بابانەکاندا وترابیٚ (مانهەڵگرتن)، کە دەکریٚ لەگەڵ (ڕقهەڵگرتن) بەراورد بکرێت. لە ناوچەی گەرمیان کاتی خۆی وشەکە تەنیا بۆ ئاژەڵ دەگوترا نەك بۆ مرۆڤ؛ بۆ نموونە دەیانگوت: ئەو ولاٚخە

مـانی گرتـووه. ئاوەڵواتایـەکی (مـانگرتن) هـەر لـە گـەرمیان (سـینکردن) بـوو، دەگوترا: وڵاخەکە سینی کردووە. لەم تێکستەی ئەحمەد پاشایشدا وشەکە لە باسی بەرازدا بە کار هاتووه.

<> وشەی سەیر: لە تێکستەکەی خۆدزکۆدا (کە لە ڕاستیدا قسە و نووسینی ئەحمەد پاشای بابانە) هەندێ وشەی سەیر و واتانەدار هەن کە نازانم لە کوێوە هـاتوون و لـە ڕووی ئێتیمۆلۆگییـەوە ڕەگوڕیـشەیان دەگاتـە کـوێ. دوور نییـە خۆدزکۆ لە نووسـینەوە و گواسـتنەوەی تێکستەکەدا هەڵـەی کردبێـت، چونکە دەیان هەڵەی دیکەیش هەن. پاشا لە جێی (ئاسک) دەڵـێ ( ڕەنـی) کە ، هێندەی من ئاگادار بم، خزمایەتیی لەگەڵ هیچ زمانێکدا نییە. د.ن. مەکنزی- یش هـەر ئەم وشەیەی پێ سەیر بووە. وشەیەکی سەیری دیکە ( داغبێ)یە کە مەبەست، بـە قسەی پاشـا و خۆدزکـۆ، چۆلەکەیە. مـن بـە دووری نـازانم ئەحمـەد پاشـا (دەعبا)ی وتبێ (یا نووسیبێ) و خۆدزکۆ بە هەڵە تۆماری کردبێت.

## سێ: هەندێ زانیاریی لاوەکی، بەڵام گرنگ

<> مامۆستا مەسعوود محەمەد لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا لەسەر نالی، وای بۆ دەچێت کـە ئەحمـەد خـان (یـا پاشـا) تـەنیا سـاڵی ١٨٥٣ لـە پـاریس بووبێـت. ڕاسـتییەکەی ئەوەیـە کـە خۆدزکـۆ دەڵـێ لـەو سـاڵەدا هاتۆتـە پـاریس، بـەڵام لـە جێگەیـەکی دیکـەی هـەر ئـەو وتـارەدا بـە ڕوونـی ئـەوە دەڵـێ کـە هـەتا کۆتـاییی مانگەکانی ساڵی ١٨٥٤ پێکەوە کاریان لەسەر ڕێزمانی کوردی کردووە. دواتر باسی ئەوە دەکات کە پاشا بانگ کراوەتەوە بۆ ئەستەموول. کەواتە پاشا بە لای کەمـەوە تـا کۆتـاییی سـاڵی ١٨٥٤ لـە پـاریس بـووە و ئەگـەر زۆریـش بـە پەلـە چووبێتەوە بۆ ئەستەموول، ئەوا دەبێ لە سەرەتای ساڵی ١٨٥٥ دا گەڕابێتـەوە. بۆ پیاوێکی وەکوو پاشا کە زۆریش نەخۆش بووە، ئەقڵگیر نییـە هـەر وا بـە پەلـە ملـی ڕێ بگرێـت و پـاریس بـە جـێ بهێڵێـت. ئـەم زانیارییـە دەبێتـە پاڵپـشتێکی گەورەتر بۆ تیۆرییەکەی مامۆستا مەسعوود کە نالی لە ١٨٥٥دا نەمردووە و ئەو ڕەفاقـەت و هاوڕێتییـە چـەند سـاڵەیەی لەگـەڵ ئەحمـەد پاشـادا لـە ئەسـتەمبووڵ

هەیبووە دەکەوێتە دوای ئەو ساڵە، واتە دوای ئەوەی پاشا لە پاریسەوە گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمبووڵ و (نالی)یش لە شامەوە چووە بو لای بۆ ئەوێ. لەم وتارەی خۆدزکۆدا دوو دەنگوباسمان لەبارەی نالییەوە بۆ تۆمار کراون، بێجگە لە ناساندنێکی کورت. دەنگوباسی یەکەمیان ئەوەیە کە ئەحمەد پاشا بە خۆدزکۆ دەڵێ: مەلا خزر، کە زیاتر بە ناوە ئەدەبییەکەی وەك نەعلی ئەفەندی ناسراوە، لە سووریایە، لە شام. دەنگوباسی دووەمیش ئەوەیە کە نالی پێشتر ڕێزمانێکی عەرەبیی تەرجەمەی کوردی کردووە. ئەم دوو دەنگوباسە لەبەر ئەوە گرنگن چونکە نە پێداهەڵدان و نرخاندنن و نە خەیاڵ، بەڵکە ڕاستەقینەی لەو بابەتەن کە بناغەی ماددییان هەیە؛ پاشا دەزانێت کە مەلا خزری نالی لەو کاتەدا لە سووریایە و لەوێ دەژی، هەروەها باسی کتێبێك دەکات کە کردوویەتی بە کوردی و دەبێ پاشا خۆی چاوی بەو کتێبە تەرجەمەکراوە کەوتبێت. چونکە دەڵێ پێشتر ئەو کارەی کردووە، واتە پێش ئەوەی ئەم بێت بۆ پاریس. ئەگەر پاشا لە قسەکەی خۆی دڵنیا نەبووایە دەیگوت بیستوومە کتێبێکی وای هەیە، یان دەیگوت خەریکە کتێبێکی وا ئامادە دەکات. هەرچی ناساندنەکەیە بە ڕادەی یەکەم هەڵوێستی ڕێز و شانازیی پاشایە بۆ نالی، نەك ڕاستەقینەی ماددی. ئەم ناساندنەیش دوو بەشە: یەکەمیان ئەوەیە کە نالی زانایەکی بەناوبانگە، دووەمیش ئەوەیە کە خۆی بۆ دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی تەرخان کردووە. سەرباری ئەوانەیش پاشا بەڵێنی بە خۆدزکۆ داوە کە بە نالیی بناسێنێت، واتە کارێك بکات خۆدزکۆ و نالی دەستیان، یا دەنگیان، بە یەکتری بگات، بۆ ئەوەی لەبارەی زمانی کوردییەوە هاوکاری بکەن. دیارە لەمەیشدا پاشا هەم ڕیالیستانە بیری کردووەتەوە و هەمیش خۆنزمگرانە، چونکە زانیویەتی ئەو هەموو زانیارییەی بۆ کارەکەی خۆدزکۆ پێویستن ئەم دەڕۆستیان نایەت و پێی هەڵناسووڕێت، لەبەر ئەوە وای بە چاك زانیوە بە کەسێکی بناسێنێت کە لە خۆی شارەزاترە و لەم بوارەدا دەستڕۆیشتووە. خاڵێکی سەرنجڕاکێش، بۆ من، ئەوەیە کە لە قسەکانی پاشا و خۆدزکۆیشدا نالی وەك شاعیر باس نەکراوە، بەڵکە وەك زانا و زمانەوان و فیلۆلۆگیست و وەرگێڕ.

تەنانــەت لــە دوا بەشــی لێکۆڵینەوەکــەدا خۆدزکــۆ هەنــدێ شــیعری بــڵاو کردووەتــەوە، کــە هیــی باباتــاهیری هەمــەدانین، کەچــی شــیعری نــالیی بــڵاو نەکردووەتەوە و باسیشی ناکات. هیچ گومان لەوەدا نییە کە پاشا دەیزانی نالی شاعیرە و شاعیرێکی گەورەیشە، چونکە ئێمە دەزانین بە هۆی مردنی سلێمان پاشای بابان و هاتنە سەر تەختی هەر ئەم ئەحمەد پاشایە خۆیەوە، نالی شیعرێکی جوان و بەرزی نووسیوە:

تا فەلەك دەورەی نەدا – سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو

کەوکەبەی میهری موبارەك تەلعەتی پەیدا نەبوو.

ئەو شیعرەیشی نەوتبایە، دیسان پاشا هەر دەیزانی نالی شاعیرێکی گەورەیە، چونکە ناوبانگی نالی ئەو کاتە زۆر لە سنووری میرنشینیی بابان بەولاوەتریش ڕۆیشتبوو. ئەوجا خۆدزکۆیەك هێندە بە پەرۆشەوە بووبێت کار لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی بکات، بۆچی داوای لە پاشا نەکردووە هەندێ لە شیعرەکانی نالیی بۆ بنووسێتەوە، یا تەنانەت یارمەتیی بدات بۆ ئەوەی بیانکاتە فرانسی؟ خۆدزکۆ وەك زانایەکی ئەوروپایی بێگومان ئەم داوایەی لە پاشا دەکرد ئەگەر بیزانیایە نالی شاعیرێکی گەورەیشە. کەواتە، من هیچ بە دووری نازانم کە ئەحمەد پاشا باسی شاعیرێتیی نالیی لای خۆدزکۆ نەکردبێت. کە باسیشی نەکردووە، دەبێ لە دڵی خۆیدا بڕیارێکی وا گرنگی دابێت، دەنا چۆنە لە ماوەی ئەو یەك ساڵ و چەند مانگەدا کە پێکەوە کاریان کردووە و پاشا لە پاریس ژیاوە، تاکە جارێك لە دەمی دەرنەچووە بە خۆدزکۆ بڵێ کە نالی نەك هەر زمانزانە، بەڵکە شاعیرێکی گەورەی کوردیشە. تەنانەت کە بەڵێنی ئەوە دەدات بە یەکیان بناسێنێت، بەو نیازە دەیکات کە نالی لە بارەی زمانی کوردییەوە کۆمەکی خۆدزکۆ بکات. کە بەڵێنی ئەوەیش دەدات دیوانی شیعری کوردیی بۆ پەیدا بکات (مەجمووعە، ئانتۆلۆگی)، باسی شیعرەکانی ئەحمەدی خانی دەکات ( لەبەر هۆیەك کە من تێی نەگەیشتم، پاشا بە دابل یا دابەل ناوی دەبات) و باســی مــەموزینی بــۆ دەکــات. پاشــا کــە باســی نــالی دەکــات دەڵــێ (نــاوە ئەدەبییەکــەی) نەعلییــە، بــەڵام کــە باســی شــێخ ئەحمــەدی دەکــات دەڵێــت

(تەخەللوص)ی دابلە. ئەوەی شارەزای شیعری ڕۆژهەڵاتیی فارسی و کوردی و عوسمانی بێت دەزانێت وشەی (تەخەللوص) تەنیا بۆ ناوی شاعیران بە کار هێنراوە. تۆ کە وتت مەلا فلانکەس تەخەللوسی فلانە، ئیدی ئێمە دەزانین ئەو زاتە شاعیرە.

ئەحمەد پاشا بە خۆدزکۆی نەگوتووە کە نالی شاعیرێکی گەورەی کوردە، بەڵام دەیەوێ کارێکی وا بکات خۆدزکۆ بتوانێت پێوەندیی پێوە بکات، بەشکەم نالی بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی هاوکاریی بکات و یارمەتیی بدات. باشە خۆ دەبێ پاشا ئەوەی لە بەرچاو گرتبێت کە ئەگەر سبەینێ نالی و خۆدزکۆ چاویان بە یەکدی کەوت یا نامەیان بۆ یەکتر نووسی، ئەم ڕازە ئاشکرا دەبێت و ئەودەم هەم نالی و هەم خۆدزکۆیش دڵیان لێی دەڕەنجێت. ئایا دەکرێ وای دابنێین کە پاشا، لەبەر هەر هۆیەك بێت، لە نالی دڵگران بووە؟ بۆ نموونە لەبەر ئەوەی نالی پێش ڕووخانی ئەمارەتی بابان سلێمانیی بە جێ هێشتووە. ئەمە نابێتە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ ئەوەی پاشا باسی شاعیرێتیی نالیی نەکردبێت. پرسیارێکی دیکە ئەوەیە ئایە دەکرێ پاشا شاعیرێتی و شاعیربوونی پێ شتێکی ئەوەندە گرنگ نەبووبێت کە شایانی باسکردن بێت؟ ئەمەیش زۆر جێی باوەڕ نییە. هەر نەبێ پاشا لەوە گەیشتووە کە زانایەکی وەك خۆدزکۆ عەودالی ئەوەیە شیعری کوردیی دەست بکەوێت، ئیتر بۆ دەبێ شاعیرێتیی نالیی لێ بشێرێتەوە؟ ئیستا کە ئەم وتارە دەنووسم، من هیچ بەڵگەیەکی مەنتیقیی وام بە بیردا نایەت بڕێك ڕووناکایی بهاوێژێتە سەر باسەکە. لەبەر ئەوە بە پێشکەشکردنی ئەو پرسیار و گومانانە، جارێ، ئەم پەنجەرەیە دادەخەم. پاشای بابان کە باسی نالی بۆ خۆدزکۆ دەکات پێی دەڵێ کە نالی کتێبێکی لەسەر ڕێزمانی عەرەبی تەرجەمەی کوردی کردووە. ئەم دەنگوباسە لەلایەن پاشاوە هیچ گومانی تێدا نییە. مامۆستا مەسعوود محەمەد لە کتێبەکەی خۆیدا بە جەختەوە باسی ئەوە دەکات کە کتێبێکی وا هەبووە و واپێ دەچێت لە مزگەوتەکاندا خوێنرابێت. مامۆستا دەڵێ مەلا محەمەدی مەلا ئیبراهیم (دلاوەر)

باسی ئەم سیپارە (نامیلکە)یەی کردووە و تەنانەت بەیتێکی لێ لە بەر بووە، کە ئاوا بووە:

گۆشتی قەلەو حوققە بە چواردە پارە
وەقتێ گوتت حوققە ضەمیر دیارە[15].

خۆدزکۆ دەڵێ پاشا بەڵێنی داوەتێ کە کۆمەڵە شیعرێکی شێخ ئەحمەد (ی خانی)ی بۆ پەیدا بکات. ڕاستییەکەی نە پاشا و نە خۆدزکۆ ناوی (خانی)یان نەهێناوە، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە مەبەستیان خانیی شاعیری گەورەی کورد و خاوەنی داستانی نەتەوایەتیی کورد مەموزینە. پاشا وەك (شێخ ئەحمەدی) ناوی بردووە و ئەوەیشی وتووە کە لە جەزیرە لە دایك بووە، هاوسەردەمی شاعیر و سۆفیی گەورە جامی بووە و پۆیەمێکی هەیە ناوی (مەموزین)ە. لەم سێ قسەیە تەنیا باسی مەموزینەکەیان ڕاستە، دەنا خانی (١٧٠٧-١٦٥١) لە بایەزید لە دایك بووە و زۆر دوای جامی ( کە ساڵی ١٤٩٢ مردووە) لە دایك بووە و ژیاوە. بە دووریشی نازانم پاشا لەنێوان خانی و مەلای جەزیریدا (کە هەردووکیان ناویان شێخ ئەحمەدە) باسەکەی لێ تێك چووبێت، چونکە زۆرتر ناوی جەزیری لەکەڵ جامیدا دەبرێت، ئەگەرچی لای هەردوویان، جەزیری و خانی، باسی جامی کراوە. نازانم پاشا ئەم ناسناوی (دابل یا دابەل)ەی لە کوێوە هێناوە؟ چونکە هێندەی من ئاگادار بم، نە خانی و نە جەزیری ناسناو و تەخللوسی وایان نەبووە. هەروەهایش نایەت بە بیرمدا شاعیرێکی دیکە هەبێت تەخەللوسی دابل بووبێت. با ئەم نهێنییەیش بچێتە سەر ئەوانی پێشتر.

خۆدزکۆ کۆمەڵێ دەنگوباسی لەبارەی چالاکیی کوردناسەکانەوە بڵاو کردووەتەوە، کە وا پێ دەچێت پێوەندیی لەگەڵ زۆربەیاندا هەبووبێت و ئاگاداری کارەکانیان بووبێت. ئەمەیش لە دنیای تۆژینەوەی ئەکادێمیدا نائاسایی نییە. لەناو هەواڵەکاندا یەکێکیان زیاتر سەرنجی ڕاکێشام. دەڵێ لە ژێر چاودێریی پرۆفێسۆر فۆن دۆرندا خەریکی وەرگێڕانێکی کوردیی

---

[15] محەمەد، مەسعوود: چەپکێك.........ل: شەستودوو.

گوڵستانن. بێگومـان کـە دەڵـێ گوڵستان مەبەسـتی گوڵستانی شـێخ سـەعدیی شـیرازییە ( ١٢٩٢-١١٨٤). ئەوانـەی خـەریکی ئـەو کـارەن، کـێن؟ دیـار نییـە. هـەروەها ئەوەیشم لا نـاڕوون مایـەوە، ئایـا پێشتر گوڵستان تەرجەمـەی کـوردی کراوە و (ئەو کەسانە) خەریکن بۆ چاپ ئامادەی دەکـەن؟ یا هـەر ئـەو کەسانە خۆیانن کە دەیکەنە کوردی؟ من زیاتر بۆ ئەوە دەچم کە تەرجەمەکە پێشتر کراوە و یـەکێك، یـان هەنـدێك، لـە کوردناسـەکان خەریکـە/ خـەریکن بـۆ چـاپ ئامادەی دەکـەن. م. ڕۆدێنکـۆ لـە کتێبێکـی خۆیـدا لەسـەر دەستنووسـە کوردییـەکانی لێنینگراد باسی دەستنووسی (گلستان شیخ سعدی بە زبان کردی) دەکات، کە لێرخ لەگەڵ کۆمەڵێ تێکستی کوردیدا بڵاوی کردووەتەوە. ئەو تێکستە لای من هەیـە و هێناومەتـە سـەر ڕێنووسـی سـتانداردی کـوردی و چـەند جـارێکیش وەك کۆرسی خوێندنی تێکستی کلاسیکی، خوێندکارانی بەشی کوردیی زانستگەی ئۆپسالا خوێندوویانە.

لەناو ئەو ڕستە و تێکستانەدا کە خۆدزکۆ تێکهەڵکێشی وتارەکەی خۆی کـردوون، ڕسـتەیەك زۆر سـەرنجی ڕاکێشام، نـەك لـە ڕووی زمانـەوانی و شـێوەی داڕشـتنیەوە، بەڵکـە لـەو ڕووەوە کـە پێوەنـدیی بـە ژیـانی فەرهـەنگیی ئـەو سـەردەمەوە هەیـە. ڕسـتەکە ئەمەیـە: منـدارەکی کـە کتێبێکـی دڕی. ئایـا لـەو سەردەمەدا کتێب ئەوەندە زۆر هـەبووە کـە منداڵ دەسـتی پـێ بگـات و بیـدڕێت؟ باوەڕ ناکەم لە کوردستاندا وا بووبێت، چونکە کتێبی چاپکراو لـە کوردستاندا ڕەنگە لە (قورئان) بەولاوە هیچ کتێبێکی دیکە نەبووبێت. ئەو کتێبانـەیش کـە دەسـتنووس بـوون و بـەرگیان تـێ گـیراوە و مـەلا و فـەقێ و ڕووناکبیران خوێندوویانن و خوێندوویاننەوە، ئەوەندە بەنرخ و ڕێزلێگیراو بوونـە کـە ناکرێ وا بـە ئاسانی کەوتبێتنـە بـەر دەسـتی منداڵ تـا بتـوانێ بیانـدڕێت. مـن وای بـۆ دەچم خۆدزکۆ خۆی ڕستەکەی داڕشتووە و داوای لە پاشا کـردووە بـۆی بکاتـە کوردی.

خۆدزکۆ دوا بەشی وتارەکەی تـەرخان کـردووە بـۆ شیعری کـوردی و لـە پـاڵ گلەییکردنـدا لـەوەی دابـل (خـانی؟) زۆر وشـەی عـەرەبیی بـە کـار هێنـاوە، دوو

نموونــەی لــە دووبەیتییــەکانی باباتــاهیری هەمــەدانی (عوریــان)ی بــڵاو کردووەتەوە. هەردووویان پڕن لە هەڵە و زۆر بێ سەروبەرن. دووبەیتیی یەکەمیان دەبێ بەم جۆرە بێت:

الاله کوهساران هفتەای بی

بنوشه جوکناران هفتەای بی

منادی می کرم شهرو بشهرو

وفای گـلعذاران هفتەای بی [16]

دووبەیتیی دووەم تێکەڵ و پێکەڵییەکی وایە کە بە ئاسانی (هەر نەبێ بۆ من و لەم کاتەدا) چار ناکرێ.

خۆدزکۆ لە وتارەکەیدا دەڵێ شاری سلێمانی لە ساڵی ١٧١٤ بنیات نراوە. ئەوەی تا ئێستا زانراوە و بۆتە ڕاستییەکی چەسپیو ئەوەیە کە سلێمانی لە ساڵی ١٧٨٤ دا بنیات نراوە. ئەوجا ئایا خۆدزکۆ ئەم قسەیە لە خۆیەوە دەکات، یا ئەویش یەکێکە لەو زانیارییانەی لە ئەحمەد پاشای وەرگرتووە؟ ئەمەیش ڕوون نییە. پاشا لە تێکستێکدا باسی ژیانی پاشایەتی دەکات. ڕەنگە ئەمە تێکەڵییەك بێت لە ئەزموونی ڕابوردووی خۆی. هیی ئەو سەردەمەی کە پاشا بووە و هەندێکیش خەیاڵ و فانتازی کە ئەگەر پاشا بێت چی دەکات و چۆن دەژی. لەناو ئەو ڕابواردنە خۆش و گرنگانەدا کە دەیانگێڕێتەوە باسی لە خەنە (حەنا) گرتنی پێی و لە خەنە (دیسان حەنا) و وسمەگرتنی ڕدێنی (ڕیشی) دەکات. وا پێ دەچێ ئەم ڕەنگکردنی پێ و ڕیشە لەو سەردەمەدا لەناو پیاوانیشدا باو بووبێت. دەنا دەزانم لەناو ژناندا هەر هەبووە و ئێستایش ماوە. لە گەرمیان ئەو پیاوانەی کاری سەختیان بە دەست دەکرد (بۆ نموونە دروێنە، قوڕکاری، داربڕین...هتد) ناولەپیان دەگرتە خەنە، بەو نیازەی کە ببێتە هۆی پتەوبوون و بەهێزبوونی پێستی دەستیان، بۆ ئەوەی بەرگەی کارکردن بگرێت. خەنە لە عەرەبیدا بە شێوەی (حەنناء) دەگوترێ و لە فارسیدا (حەنا)یە. وادیارە ئەو کاتە لە سلێمانی شێوەی فارسیی وشەکە باو بووە. نازانم وشەی (خەنە) لە

---

[16] همدانی، باباطاهر: اسپیدەباز، اقبال، بهار ١٣٧١، ص٤٤.

کەیەوە پەیدا بووە. نالی لە شیعرێکدا هەر ئەو شێوە فارسییەی وشەکەی بە کار بردووە:

وەرە بنوارە دوودەستی حەناییم

حەناییی چی؟ هەموو خۆ خوێنە قوربان !

هەر لەو تێکستەدا پاشا باسی ئەوە دەکات کە پیاوەکان یا ڕاوکەرەکان (فۆتە)یان بە سەرەوە بووە. فۆتە (بە عەرەبی فوطة) بە پارچەپەڕۆیەك دەگوترێ کە دەکرێتە پشتێن یا دەبەسترێ بە سەرەوە، یا وەك دەستماڵ و خاولی بە کار دەبرێت. فەرهەنگی (المنجد) دەڵێ گوتراوە وشەکە لە بنچدا سندییە و گوتراویشە تورکییە. بەڵام فەرهەنگی ( Redhouse)ی تورکی – ئینگلیزی دەڵێ وشەکە عەرەبییە. پێم وایە ئەمڕۆ لە خوارووی کوردستان وشەکە نەماوە و تەنیا لەبەر ئەوەی ژنی عەرەبی عیراقی فۆتە دەبەستن بە سەرەوە. ڕەنگە هەندێ کەس بزانن فۆتە چییە.

خۆدزکۆ وتارەکەی بەوە تەواو دەکات کە لە ژمارەیەکی داهاتوودا بەشێکی تری نووسینەکەی بڵاو دەکاتەوە، بەڵام، بە داخەوە وا دیارە، لەبەر هەر هۆیەك بێت، نەیتوانیوە ئەم بەڵێنەی بباتە سەر. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت دەستی نەگەیشتبێتە کەسێك کە کوردی زمانی زگماکی بووبێت، ئەحمەد پاشا، نالی یا هەر کەسێکی دیکە. نووسەر وتارەکەی ساڵی ١٨٥٧ بڵاوکردۆتەوە، واتە بە لای کەمەوە دوو ساڵ دوای ئەوەی ئەحمەد پاشا پاریسی بە جێ هێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمبووڵ.

بەداخەوە ئێمە لە بارەی ژیان و مردنی ئەحمەد پاشاوە زۆر کەم دەزانین. ڕەنگە هێشتا ئەو یەکێك بێت لەوانەی بەختێکی باشی هەبووە و سەری پاریسی داوە و ڕۆژهەڵاتناسێك چاوی پێی کەوتووە و هەندێ زانیاریی لەبارەوە تۆمار کردووە و هەندێ زانیاریی لێ وەرگرتووە. من بە دووری نازانم لە ئەرشیڤەکانی وەزارەتی دەرەوەی فرانسادا بەڵگەنامە لەسەر ئەحمەد پاشا هەبێت، چونکە بێگومان ئەو بە شێوەیەکی ڕەسمی هاتووە و ڤیزای وەرگرتووە و سەری نەخۆشخانەی داوە و ماڵی گرتووە و زۆر لایەنی دیکەی ژیانی ڕۆژانەیش کە

ئەگەر هەموویشی نەبێت، ئەوا هەندێکی پێویستی بەوە بووە بە نامەی ڕەسمی بکرێت. بریا کەسێك هەبێت هەندێ کات بۆ ئەو ئەرکەیش تەرخان بکات.

## ئەنجامگری

ئەلیکساندەر خۆدزکۆ وەك زانایەك و ڕۆژهەڵاتناسێك هەوڵێکی زۆر چاکی داوە بۆ ئەوەی زانیارییەکی باشی لەسەر زمانی کوردی دەست بکەوێت و لە چواچێوەی کارێکی زانستیدا ڕێکیان بخات و پێشکەشیان بکات. ئەویش وەك هەموو ڕۆژهەڵاتناسەکان و کوردناسەکان ڕەنگە مەبەستێك یا کۆمەڵە مەبەستێکی هەبووبێت. بەڵام لە چەند جێگەی وتارەکەیدا وا هەست دەکەیت جۆرە دڵسۆزییەکی بۆ کورد هەیە و حەز دەکات بەرگری لە خۆیان و زمانەکەیان بکات. هەرچۆنێك بێت، ئەنجامی ئەو هەوڵ و کۆششانەی خۆدزکۆ کارێکی زانستییە کە بێگومان بۆ ئەمڕۆی لێکۆڵەرەوە و توێژەرەوەی کورد نرخی خۆی هەیە. لە ڕووی زانستی و مێتۆدی کارەوە دەکرێ هەندێ ڕەخنەمان لە کارەکەی هەبێت، چونکە کۆمەڵێ هەڵەی تێدایە. بەشێك لە هەڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەحمەد پاشا کە زانیارییە زمانەوانییەکانی داوەتێ و تێکستەکانی بۆ ئامادە کردووە، بەڵام بەشێکیش هەڵەی خۆدزکۆ خۆیەتی. من کە دەڵێم هەڵەی هەیە، کارەکەی ئەو لەگەڵ کاری زانایان و ڕۆژهەڵاتناسانی دیکە بەراورد دەکەم، ئەگەرنا زۆر چاك ئاگاداری ئەوەم کە تەنانەت ئەمڕۆیش، لەو کوردستانەی خۆماندا دەیان کتێبی ڕێزمانی کوردی دەنووسرێن کە فریان بەسەر زانست و بەسەر زمانەوانی و بەسەر کوردییەوە نییە.

ئەحمەد پاشا سەردارێکی لێکەوتووی کورد و میرێکی بابان بووە، کە ڕۆژگار پشتی تێ کردووە و لە ئاوارەییدا ژیاوە، چ لە ئەستەمبووڵ و چ لە پاریس. سەرباری ئەوەیش نەخۆش و لەشبەبار بووە. ئەوجا لەنا و ئەو جۆرە ژیانەدا کە هاتووە هاوکاریی خۆدزکۆی کردووە و هانی داوە کاری زیاتر بکات، بەڵێنی داوە خەڵکی شارەزای بۆ پەیدا بکات، بەڵێنی داوە کەشکۆڵ و نموونەی شیعری کوردیی بۆ پەیدا بکات، ئەرکێکی ڕاپەڕاندووە کە بەڕاستی لە توانستی فیزیکی

و عـەقڵیی ئـەو بـە دەر بـووە. ئـەم دوو پیـاوە بـەم کارەیـان خزمـەتێکی زۆری زانستیان کردووە و بەرهەمێکی بەنرخیان بۆ بە جێ هێشتووین.

ئەم لێکۆڵینەوەیـە لـە پـاڵ ڕانـانێکی زانـستییانەی ڕێزمـانی کوردیـدا، کۆمـەڵێ دەنگوباسی سیاسی، فەرهەنگی و کومەڵایەتیشی بۆ پاراستووین کە بۆ ئەمڕۆ نرخێکی زۆریان هەیە. ئەگەر ڕۆژێك بمانەوێ مێژووی زمانی کوردی و مێـژووی ڕێزمانی کوردی بنووسین، بێگومان کەرەستە و بابەتی وەك ئەم وتارەی خۆدزکۆ دەبنـە بەشـێکی بنـچینەیی و کـەڵکێکی زۆریـان دەبـێ بـۆ گەیـشتن بـە ئـەنجامی زانستی و ڕاست.

سۆڵلەنتونا، سوێد، مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥

## سەرچڵێك لە ژیانی

# ئەلیکساندەر خۆدزکۆ

### شاعیر و دیپلۆمات و زمانەوانی پۆڵەندی

**( ١٨٠٤- ١٨٩١)**

ئەلیکساندەر بۆریژکۆ خۆدزکۆ[17] لە ٣٠ ی ئابی ١٨٠٤ لە Krzywicze ی پۆڵەندا لە دایکبووە. شاعیر و دیپلۆماتی پۆڵەندی یەکەمین ئەورووپییە کە لە فۆلکلۆری فارسیی کۆڵیوەتەوە. لە ساڵەکانی ١٨٢٠-١٨٢٣ لە زانکۆی Wilno/Vilna ی ناوەندی ڕۆژهەڵاتناسیی زمان و ئەدەب لە پۆڵەندا خوێندوویەتی، دواتر ساڵی ١٨٢٣ لەبەر ئەندامبوونی لە کۆمەڵەیەکی نهێنیی خوێندکارە نیشتمانپەروەرەکانی پۆڵۆنیا دا کە داوای سەربەخۆیی دەکرد، دەگیرێ.

ساڵەکانی ١٨٢٤-١٨٣٠ لە سان پێترەسبوورگ زمانەکانی ( عەرەبی، فارسی و تورکی ) دەخوێنێ و دواتر وەکوو دیپلۆماتێکی ڕووسیا ڕەوانەی ئێران دەکرێ، لە ئێران وەکوو وەرگێڕ لە گەڵ میسیۆنی ڕووسی لە تەورێز و تاران و هەروەها لە کۆنسڵخانەی رووسیا لە ڕەشت کار دەکات و تا ساڵی ١٨٤١ هەر لە ئێران دەمێنێتەوە و دواتریش لە یۆنان و ئیتالیا کار دەکات. لە ساڵی ١٨٤٢ خۆی دەگەیەنێتە ناو کۆمیونێتە پۆڵۆنیە ئاوارەکانی پاریس و لەوێ دەکەوێتە ژێر تاسیری شاعیری ڕۆمانتیك Adam Mickiewciz ( ١٧٩٨-١٨٥٥).

ساڵی ١٨٤٤ خۆدزکۆ واز لە کاروباری دیپلۆماتی ڕووسیا دەهێنێ و ساڵی ١٨٤٧ لە گەڵ Helena Jundzill لە سویسرە زەماوەند دەکات. ساڵی دواتر لە زانکۆی کۆلیژ دو فرانس Collège de France کورسیی زمانی فارسی و لە کتێبخانەی شاهانەش پۆستی تورکی وەردەگرێ. لە نێوان ساڵانی ١٨٥٢ تا ١٨٥٥ لە وەزارەتی هەندەرانی فرانسا وەکوو پسپۆری کاروباری ڕۆژهەڵات کاری کردووە ، کە هەر لەو ماوەیەدا بووە توانیویەتی ڤیزە بۆ ئەحمەد پاشای بابان وەربگرێ و داوەتی فرانسای بکات.

---

[17] Chodzko, Alexander Borejko

لە ساڵی ١٨٥٦ لە ئەنستیتۆی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە پاریس داوای لێ دەکەن زمانی فارسی بڵێتەوە، بەڵام دوایی پۆستەکە بە Charles Schefer دەبەخشن. چەند ساڵێك دواتر خۆدزکۆ وەکوو موحازیر Chargé de cours لە زانکۆی کۆلیج دو فرانس دەرسی گوتۆتەوە و تا ساڵی ١٨٨٣ لەوێ کاری کردووە. خۆدزکۆ زۆر بە زمان و ئەدەبیاتی فارسی کاریگەر بووە بە تایبەتیش بە شانۆی فارسی و ساڵی ١٨٤٤-٤٥ کتێبی ( شانۆنامە ئێرانییەکان : هەڵبژاردەیەك لە تازیەنامەکان *Le théatre en Perse : choix de tèazimès*) نووسیوە و هەروەها کۆمەڵێك شانۆنامەی فارسیشی کردۆتە فرانسی لەوانە:

١- سەری ئیمام حوسێن (١٨٤٥) *La tête de l'imam Hussein*

٢- جەنگی شەهادەت (١٨٥٢) *Djungui chehâdet*

و کۆمەلێك کاری دیکە.

هەروەها لە بواری زمانەوانی و فیلۆلۆژیی زمانەکانی رۆژهەڵات کۆمەڵێك بەرهەمی نایابی هەیە لەوانە:

١- *Grammaire Persane ou principe de l'iranien moderne*، Paris, ١٨٥٢, ١٨٨٣.

٢- *Le drogman turc* ،Paris١٨٥٤.

٣- *Etudes philologiques sur la langue kurde (dialecte de* cinqième série, tom ٩, ، In *Journal* Asiatique، pp. ٢٩٧-٣٥٦*)* ١٨٥٧.

جگە لە مانە خۆدزکۆ خاوەنی کۆمەڵێك گوتارو لێکۆڵینەوەی دیکەی زانستییە لە بارەی ڕۆژهەڵاتەوە.

خۆدزکۆ ڕۆژی ١٩ ی دیسامبەری ١٨٩١ لە Noisy-le-Sec لە نزیك پاریس بۆ دوایین جار چاوی لێك نا.

سەرچاوە:

Jean CALMARD, *Chodzko*, In Encyclopedia Iranica, Vol V .Ed. Mazda publishers, California, ١٩٩٢, pp. ٥٠٢-٥٠٤

### له ستایشی ئەحمەد پاشا دا

تا فەلەک دەوری نەدا – صەد کەوکەبی ئاوا نەبوو–
کەوکەبەی میهری موبارەک طەلعەتی پەیدانەبوو
تا نەگریا ئاسمان و تەم ولاتی دانەگرت،
گولْ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وانەبوو
تا چەمەن پیرا لە سەر, ئەصلی درەختی لانەدا،
فەرعی تازە، خورەم و بەرز و بوڵەند بالاَ نەبوو
تا ( سولەیمانان) نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت،
(ئەحمەدی موختار) ی ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو
قیصصە بێ پەردە و کینایەت خۆشە: شاهی من کەوا
عادیلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لە دونیادا نەبوو
بۆ نشینگەی مورغی رۆحی ئەو کە عالی فیطرەتە
جیگەیی خۆشتر لە رەوضەی ( جنة الماوي) نەبوو
وەک قیاسێکی کە موثبەت بێ، نەتیجەی بێتە جێ
حەمد و لیللا شەه کە عالی جابوو، خالی جا نەبوو
شاهی جەم جاوا (نالیا) (تاریخ جم)* تەئریخیە
دا نەڵێن لەم عەصرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو.

دیوانی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، پیاچوونەوەی محمدی مەلا کەریم، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، لا: ٣٧٠-٣٧٤.

---

* تاریخی جم دەکاتە ساڵی ١٢٥٤، واتە سولێمان پاشا لە ١٢٥٤ کۆچی دوایی کردووە و لەم ساڵەشدا ئەحمەد پاشا دەسەلاتی ئەمارەتی بابانی بەدەست گرتووە، نالی ئەم شیعرەی بە بۆنەی دەستبەکاربوونی ئەحمەد پاشا نوسیوە وەك پاشای سلێمانی.

## ئەحمەد پاشای بابان :

### پاشای شمشێر و دادپەروەری

بەداخـەوە تـا ئێسـتە هـیچ سەرگوزشـتەیەکی ئەحمـەد پاشـای بابـان لەبەردەستدا نییە و هیچ شتێکی ئاواش لە بارەی مێژووی ژیانی ئەم پاشایەی بابان نەنوسراوەتەوە کە بە هەق شایستەی چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەیە. ئەحمەد پاشا نازانرێ لە چ ساڵێکدا لە دایکبووە، بەڵام بە مەزەنە پێدەچێ لە دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە دایکبووبێت. کوڕی سلێمان پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشایە. دوای مردنی سلێمان پاشا ساڵی ١٨٣٨ ، کوڕە گەورەکەی ئەحمـەد پاشا بـوو بـە حـاکمی سـلێمانی. ئەحمـەد پاشـا لـە نـاو هـەموو سەرچاوەکان بە پیاوێکی زەبر بەدەست، جەسوور، دڵرەق و پاشای شمشێر باسی دەکەن و لە هەمان کاتیشدا وەسپی دادپەروەری و حەزی زۆری بۆ ڕێکخستنی وڵات و پێکەوەنانی سوپایەکی مۆدێرنی لێدەگێرنەوە. فلیکس جۆنز Felix Jones کە لە ماوەی ساڵەکانی ١٨٤٤ لەگەڵ وەفدی ئینگلیزی کۆمسیۆنی دیاریکردنی سنووری تورکی –ئێرانی بوو رایەکی نایابی لە بارەی ئەحمەد پاشا نووسیووە و دەڵێ هەر یەك ساڵ دوای بە دەسەڵات گەیشتنی توانی ( هێزێکی سەربازی بەرچاو لەسەر شێوەی تاکتیکی ئەورووپایی ڕێکبخات و ڕایانبهێنێ، ئەم هێزە لە کاتی ئێستەیدا نزیکەی ٨٠٠ جەنگاوەر دەبێت[١٨]. ئەحمەد پاشا تا ساڵی ١٨٤٠ حاکمیەتی ئەمارەتی بابانی بە دەستەوەبووە و لەو ساڵە بەدواوە لێخراوە و بانگکراوەتەوە بەغدا و مەحمود

---

[١٨] Edmonds, C, J, *Kurds, Turks and Arabs, Politics, Travel and Research in North-Eastern Iraq* ١٩١٩-١٩٢٥, Ed. Oxford University Press, London, ١٩٥٧, p. ٥٥.

پاشای مامی له جێگەدا لە تورکیا هێنراوەتەوە و کراوە بە حاکمی سلێمانی[19]. هێندە نابات لە کۆتایی هەمان ساڵدا بە فەرمانی والی بەغدا مەحموود پاشا لێدەخرێ و سوپای والی بەغدا، مەحموود پاشا ناچار دەکات سلێمانی بەجێبهێلێ و دواتر ئەحمەد پاشا بە فەرمانی والی بەغدا دووبارە بۆ دووەمینجار دەکرێتەوە حاکمی سلێمانی و تا خاکە لێوەی ١٨٤٢ هەر لە دەسەڵات دەمێنێتەوە. دوایی بۆ سێیەم جار لە کۆتایی ئایاری ١٨٤٢ تا حوزەیرانی ساڵی ١٨٤٦ هەر حاکمی سلێمانی بووە و دوای ئەوە ئیدی لە سلێمانی دەرپەڕێندراوە و جارێکی دیکە ڕێگەی پێنەدراوە سلێمانی ببینێتەوە. ئەحمەد پاشا لە دەورانی دەسەڵاتی خۆیدا مەکتەبەی بابان و بەردی بناغەی گەڕەکی چوارباغی لە سلێمانی داناوە.

گەڕیدەی فرانسی یۆژین فلاندن Eugène Flandin ساڵی ١٨٤١ سەری سلێمانی داوە و ئەحمەد پاشای بینیووە ئەم چەند لاپەڕەیە دەگێڕێتەوە : (( ... لەگەڵ گەیشتنمان بۆ سلێمانی ئەو نامە ڕاسپاردەیەی کە پێمان بوو بۆ ئەحمەد پاشامان نارد، بە فەرمانی پاشا لەناو ماڵێکی زۆر گەورە دابەزین کە لە هەموو لایەکەوە ڕووخاو بوو، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا لە ناو شارەکە باشترینیان بوو کە پێشکەشی ئێمەی کردبوو. هێشتا تازە لەو دیوەخانە دانیشتبووین کە ڕووێکی پان و پۆڕی کراوەی هەبوو و هیچ دەرگە و پەنجەرەیەکی پێوە نەبوو، ئەفسەرێکی پاشا هات و سەردانی کردین، ئەو لە لای خۆیەوە بۆ ئەوە هاتبوو ئاتاجەکانی ئێمە دەستەبەر بکات و خزمەتمان بکات و لە خزمەتی ئێمەدا بێت. هەر زوو دواتر کەسێکی دیکەی بەدوا دا هات کە ئەرکی ئەوەی پێسپێردرابوو پێنج تومان کە نزیکەی ٦٠ فرەنك دەبوو بماندانێ تا لە خەرجی خۆمان سەرفی بکەین. ئەم میواندارییە بە دڵنیاییەوە زۆر بەخشندانە بوو، بە تایبەت لە چاو باری نەهامەتی وڵات، ٦٠ فرەنك پارەیەکی زۆر بوو لە بەرامبەر نرخی هەموو شتێکی ئەم وڵاتە. بەڵام ئێمە نەمانتوانی ئەم پارەیە قەبووڵ بکەین زۆر بە چاکی

---

[19] بڕوانە :محەمەد حەمە باقی، میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاری دا ١٧٩٩–١٨٤٧، دەزگای ئاراس، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٢ ، لا: ١٢١.

ئەوەندەی پێمانكرا پۆزشتمان هێنایەوە بۆ ئەوەی پاشا دڵی بریندار نەبێت و بە نێردراوەكە وەڵاممان لێگێڕایەوە كە ئەگەر پاشا هەر دەیەوێ پێویستیەكانمان دەستەبەر بكات ئەوا ئازووقەیەك كە ئەو بیەوێ بیخاتە بەردەستمان قەبووڵی دەكەین. بە دەستبڵاوییێكی زۆرەوە هەموو شتێك كە بۆ ئێمە و خەڵكی ئێمە و كاروانەكە پێویست بوو بۆیان هێنایین.

ئێوارە ویستمان بچین سوپاسی ئەحمەد پاشا بكەین بۆ ئەو پێشوازیلێكردنەی، بینیمان پاشا لەناو ( تا) دا تەواو پەرێشان بوو، لە ناوەڕاستی ئۆردووەكەی لەگەڵ نەزانیەكی منداڵانەی رۆژهەڵاتیانە كاتی خۆی بۆ ڕاییكردنی سەربازەكانی بەسەر دەبرد و بۆ بەهرە وەرگرتنی سەربازەكانی هەموو زانستێكی سەربازی خستبووە بەردەستیان ((... )) لە لایەكی دیكەوە پاشا وای نیشاندەدا كە زۆر شەڕكارە و بیروڕایەكی بەرزی لە بارەی گرینگی هێزەكەیەوە هەیە و زۆری حەز لە هونەری جەنگاوەرییە و حەزدەكات سوپایەكەی لەسەر شێوەی ئەوروپیانە پەروەردە بكات. لە كۆنستانتینۆپلەوە چەند قووتابیەكی هێنابوو كە زۆری لەسەر راوەستابوو و هیوایەكی زۆری لەسەر هەڵچنیبوون. لەناو ئەم قووتابیانە یەكێكیان جێگەی بڕوای پادشا بوو، یەكێك لە هاوخەباتكارەكانی خۆی بوو. كوردێك كە لە ناو سوپای پاشای میسر خزمەتی كردبوو. ئەحمەد بەگ ویستی بیڕورایەك لە بارەی لێهاتوویی سوپا بچكۆڵەكەی بداتە ئێمە، (( ....)) بڕیاریدا چەند مانۆڕێك بكەن، كە دەبێ بڵێم بە وردییەوە جێبەجێكران، بۆ ئێمە دوور بوو لەوەی چاوەڕێمان دەكرد. خانەخوێیەكەمان زۆر شانازی بەو ستایشانە دەكرد كە ئێمە لە بارەی شایستەیی سوپاكەیەوە پێمان دەگووت. جا ئەگەر ئەو قسانەی ئێمە بڕێك ڕاستیشیان تێدا بووبێت، دەبێ ئەوە بگوترێ كە نەوازش و مەرایی بەشێكی چاكیان لەم قسانەدا هەبوو، بە جۆرێك رێنوێنی و چەكسازی ئەم سوپا نیزامیە لە ئاستێكی ئاوەها بەرز دا نەبوو كە قسەكانی ئێمە ڕاستگۆیانە بن. بەڵام پاشا وەكوو خۆی شتەكانی قەبووڵ دەكرد و بە نەوازشەوە بە ئێمەی گووت: (( ئەوانە قوتابی قووتابییە فرانسییەكانن كە دەبێ ئەفسەرەكانی پەروەردە

بکەن)). هەرچی سوارەکانی بوون، ئەوانە سوارەی نا نیزامی بون و ئەو خۆپێشکەشکارانە بوون کە چەکێکی گەورەی ڕمیان هەڵگرتبوو کە بۆ شەڕ لەگەڵ لەشکری نیزامی زۆر ترسناك بوون. ئەوەی لە هەموو شتێك پاشا زێتر شانازی پێوەدەکرد تۆپەکانی بوون کە تەنها حەوت تۆپی[20] هەبوون و لە حاڵەتێکی زۆر خراپدا بوون، بەڵام لەبەر چاوی پاشا و هەروەك لەبەرچاوی کوردەکان شتێکی نایاب بوون.(( ... )) ئەحمەد پاشا گەنجێکی خورت بوو، ڕێزێکی گەورەی هەبوو لای کوردەکان، بە دادپەروەری و دڵڕەقی ناسرابوو. خۆشبەختانە بۆ گەرۆکەکان ئەحمەد پاشا بوو بوو بە تۆقێنەری پیاو خراپان و بە هیچ شێوەیەك نەیدەبەخشین و ناویشیان نابوو پاشای شمشێر[21].

**

ئەحمەد پاشا لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا و بە تایبەت لە سەروبەندی کۆبوونەوەی کۆمسیۆنی چوارینەی دیاریکردنی سنووری عوسمانی-ئێرانی فشاری زۆری دەخستە سەر هۆزە کوردیەکانی سەر سنوور تا ملکەچبوونی خۆیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی رابگەیەنن. دەوڵەتی ئێران تەواو لە ئەحمەد پاشا بێزاربوون و بۆ پەرپەچدانەوەی دەستدرێژییەکانی ئەحمەد پاشا بۆ ناو خاکی ئێران، دەوڵەت هێزەکانی خۆیان لە زەهاوەوە بەرەو خانەقی تاودا و بەرپرسیارێتی ئەم پشێویەشیان خستە ئەستۆی ئەحمەد پاشاوە. بەمشێوەیە دەوڵەتی ئێران یەکبینە داوای لە والی بەغدا دەکرد تا ئەحمەد پاشا لێبخات، بەڵام وەختایەك لە مەدا سەرنەکەوت ساڵی ١٨٤١سەرۆك وەزیرانی ئێران لە ڕێگەی بالوێزی ئێران لە کۆنستانتینۆپل نامایەك پێشکەش بە ڕەفعەت پاشا

---

[20] خاوەنی کرۆنیکی ( سیر الاکراد) لە بارەی سوپای ئەحمەد پاشاوە بە بەراورد لەگەڵ زانیاریەکانی یۆژین فلاندن و خۆدزکۆ زیاد لە پێویستی بەسەرناوە و دەنووسێ ( سوپایەکی چوار هەزار سەربازی نیزامی، ٢٨ تۆپیشی هەبوون و وێرای دە هەزار سوارەی بابان و جاف، بڕوانە: عبدالقادر بن رستم بابانی، *سیر الاکراد در تاریخ و جغرافیای کردستان*، بکوشش: محمد رئوف توکلی، تهران، ١٣٧٧, ص: ١٦٠.

[21] Eugène Flandin, *Voyage en Perse pendant les années ١٨٤٠ et ١٨٤١*, Paris, ١٨٥١, tome I, p. ٤٨٧-٤٨٩.

دەكات و بە گەرمی داوا دەكات ئەحمەد پاشا لێبێخەن.[٢٢] لەم نامەیەدا دەولەتی ئێران باسی دەستدرێژییەكانی ئەحمەد پاشا دەكات بۆ ناو سنووری ئێران[٢٣].

خاكەلێوەی ساڵی ١٨٤٢والی بەغدا، نەجیب پاشا ( ١٨٤٢-١٨٤٧) بینی گۆشەگیركردنی ئەحمەد پاشا كێشە و هەرای سەر سنوور هێمن دەكاتەوە و لە هەمان كاتیشدا رێگە خۆشكەرە بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتدارێتی بابان و بەستنەوەی راستەوخۆی بە ئەستەمبووڵ. لەم سۆنگەیەوە بە بیانووی ئەوەی ئەحمەد پاشا دەستدرێژی كردۆتە سەر زەوی و زارەكانی دەرەوەی سنووری میرنشینی بابان و ئێرانیش یەكبینە ناڕەزایی لە دژی ئەحمەد پاشا دەردەبڕی و داوای لێخستنی دەكرد. بەمشێوەیە لە ئاداری ١٨٤٢ دووبارە لێخرایەوە بەڵام وەك ئەوەی ئێران دەیخواست، مەحموود پاشای لە جێگەدا دابنرێتەوە، والی بەغدا ئەمەی نەكرد بەلكە عەبدوڵلا پاشای برای لە جێگەدا دانا و خۆیشی بۆ بەغدا بانگكردەوە. دەرباری ئێران بە توندی فشاری دەخستە سەر بابیعالی تا مەحموود پاشا بكەنەوە حاكمی سلێمانی و بۆ جاری دووەم مەحەمەد شای ئێران پێوەندی بە بابیعالییەوە كرد تا مەحمود پاشا بكەن بە والی سلێمانی. دواتر ئەمری بە والی ئەردەلان، رەزاقولیخان كرد ئەگەر وەڵامێكی پۆزەتیڤیان لە بابیعالییەوە بە دەستنەگەیشت ئەوا بە هاوەڵی مەحموود پاشا هێرش بكاتە ناو خاكی عوسمانی[٢٤] و مەحموود پاشا بگەڕێنێتەوە بۆ پۆستی حوكمڕانی سلێمانی. دوای بێهیوابوونی محەمەد شا لە گێرانەوەی مەحموود پاشا بۆ سلێمانی فەرمانی بە والی ئەردەلان دا تا لەگەڵ مەحموود پاشا هێرشبكەنە

---

[٢٢] ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانی FO.٨٨١/١٠٠٢٤, Enclosure I in n° ١٠, In ( Extracts from correspondence relative to the Turco-Persian boundary negotiations) part I, ١٨٤٣-١٨٤, p. ٥٧.

[٢٣] ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانی FO.٨٨١/١٠٠٢٤, Enclosure ٢ in N° ١٠. ( Extract from Note from Persian Prime Minister to Grand Vizier relative to Suleimanieh, dated July ٢٠ (about), ١٨٤١

[٢٤] عباس اقبال اشتیاني، میرزا تقي خان امیر کبیر، بة اهتمام ایرج افشار، انتشارات توس، ١٣٦٣-١٩٨٤، لا: ٢٩.

سەر سلێمانی و ڕۆژی ٦ ی ئایاری ١٨٤٢ دوای ئەوەی بەشێکی هێزەکەی مەحموود پاشا دزە دەکەنە ناو شاری سلێمانی و زیانێکی زۆر لە ناو شارەکە دەدەن بە دەست هێزەکانی عەبدوڵڵا پاشا تێکدەشکێن. هێرشی والی ئەردەلان و مەحموود پاشا بۆ سەر سلێمانی هەرا و گرژییەکی زۆری نایەوە بەوەی ئێران هێرشی کردۆتە سەر خاکی عوسمانی.

دوای ئەم سەرکەوتنەی هێزەکانی عەبدوڵلا پاشا بەسەر هێزەکانی والی ئەردەلان و مەحموود پاشا، والی بەغدا، ئەحمەد پاشا، کە تا ئەوکات لە بەغدا گلدرابۆوە دەکاتەوە بە والی سلێمانی و بەمشێوەیە لە ئایاری ١٨٤٢ تا کۆتایی حوزەیرانی ١٨٤٦ هەر حاکمی سلێمانی بووە و حوکمرانی کۆیە و حەریریشی دەخەنە بەردەست. ساڵی ١٨٤٦، عەبدوڵڵا پاشای برای یاخی دەبێت و لە سلێمانییەوە ڕادەکاتە بەغدا بۆ لای والی بەغدا و دواجار لە کۆتایی حوزەیرانی ساڵی ١٨٤٦، لە ژێر فشاری لەشکری والی بەغدا و عەبدوڵلا پاشای برای، والی بەغدا بە خۆی و لەشکرێکی ٣٠٠٠ کەسییەوە چۆتە سەر ئەحمەد پاشا و لە نزیک کۆیە ئەحمەد پاشا تێکشکاوە، سوپای والی بە یاریدەی سوپای عەبدوڵڵا پاشا بەرەو سلێمانی هەڵدەکشێن و ئەحمەد پاشا ناچار دەکەن پەنا بباتە بەر ئێران[٢٥] و لە پاداشتی ئەم هاوکارییەی لە گەڵ والی بەغدا، عەبدوڵڵا پاشا لە شوێنی ئەحمەد پاشا کرا بە حاکمی سلێمانی و ئەحمەد پاشا بە هەزار خێزان و پیاوانی بابانەوە هەڵاتە مەریوان و چەند ڕۆژێك لە دوو فەرسەخی سنە بارگەی لێهەڵدا و دواتر لە کۆشکی ڕەزا قولیخانی والی سنە میوان بوو. ئەحمەد پاشا، عبالرحمن خەزنەداری ناردە تاران بەڵام لە بەر ئەوەی ئێران لە سەروبەندی چارەسەرکردنی کێشەکانی سنووردا بوو لە گەڵ عوسمانی وەڵامیان لێگێڕایەوە کە ئەمساڵ با لە وڵاتدا بە ئارامی دابنیشێ. ئەحمەد پاشا هەر لە بیری داگیرکردنەوەی سلێمانیدا بوو و هێرشی کردە سەر سلێمانی بەڵام

---

[٢٥] FO: ١٩٥/٢٣٧, Rawlinson to Addington, N° ٤, June ٢٦, ١٨٤٦

( ئەم سەرچاوەیە لە : دکتور عبدالعزیز سلیمان نوار، دور العراق العثماني في حرب القرم، المجله التاریخیه المصریه، المجلد الثالث عشر، القاهره، ١٩٦٧، ص: ٢٢٩ ڕاگوێزراوەتەوە).

سەرکەوتوو نەبوو، عەبدوڵڵا بەگی برای بەوی زانی و بە دوو هەزار سەرباز و سێ هەزار سوارەوە بۆ بەرەنگاری ئەحمەد پاشا چوو و هەردوو سوپا لە ناو خاکی زەهاو تێکگیر بوون و سوپای ئەحمەد پاشا شکا و بە پەنجا سوارەوە ڕێگەی کرماشانی گرتە بەر. لە ڕێگەی گەرۆس–ساین قەلا چووە شەمدینان و ماوەی پێنج مانگ لە تەکیەی شێخ تەها مایەوە. بەمشێوەیە ئەحمەد پاشا هەر خەریکی گەڕانەوەی خۆی بوو بۆ حوکمڕانی سلێمانی. گەرچی کونسلی بریتانی لە بەغدا، هێنری راولنسۆن Henry Rawlinson دەیەویست ئەحمەد پاشا وەکو کارتێك دژ بە عوسمانی بەکاربهێنێ و یەکبینە هانی حکومەتەکەی خۆی و عوسمانی دەدا ئەحمەد پاشا وەکوو حاکمی سلێمانی بهێڵنەوە. بەڵام دەوڵەتی عوسمانی هێرشەکانی ئەحمەد پاشای بۆ سەر سلێمانی بە دەستدرێژی ئێرانی دەناسی و بە کارێکی دوژمنکارانەی ترسناکی دەناسی بۆ تێك و پێکدانی ئارامی سەر سنوورەکان، بەڵام کونسلی گشتی راولنسۆن هەمیشە لە لای حکومەتی بریتانییەوە پشتیوانی لە ئەحمەد پاشا دەکرد، دواجار دوای ئەوەی راولنسۆن بێهومێد بوو لەوەی ئەحمەد پاشا بە شەڕ بگاتەوە سلێمانی پێشنیاری بۆ ئەحمەد پاشا کرد خۆی بچێتە ئەستەمووڵ و دڵسۆزی خۆی بۆ سولتان رابگەیەنێ و داوای بەخشین و گەڕانەوەی بکات بۆ سلێمانی. بەڵام ئیمپراتۆریای عوسمانی دەمێك بوو بڕیاری بەستنەوەی کوردستانیان دابوو بە حکومەتی ناوەندی و دواجاریش ڕێککەوتنامەی دووەمی ئەرزەرۆم ( ٣١ ی ئایاری١٨٤٧ ) هەموو دەرگەیەکی پشتیوانیی ئێرانی لە میرەکانی بابان بەست و نەك هەر ئەمە بەڵکو وازیشیان لە داواکردنی لیوای سلێمانی هێنا. ئەحمەد پاشا تا ساڵی ١٨٥٣ هەر لە ئەستەمووڵ بە دوورخراوەیی مابۆوە و بە قسەی خاوەنی کرۆنیکی ( سیر الأکراد) ئەحمەد پاشا مانگانە سەد تومانی هەبووە.[٢٦] هەر لەم ساڵە واتە ساڵی ١٨٥٣ لە سایەی داوەتی ئەلیکساندەر خۆدزکۆ لە ڕێگەی زەریاوە بە کەشتی هەڵمی

---

[٢٦] عبدالقادر بن رستم بابانی ،سیر الاکراد در تاریخ و جغرافیای کردستان، بکوشش: محمد رئوف توکلی, تهران، ١٣٧٧, ص: ١٦٧.

سەفەری پاریس دەكات و تا دوایین مانگەكانی ساڵی ١٨٥٤ هەر لە پاریس لە لای خۆدزكۆ دەمێنێتەوە.[٢٧] بە گوێرەی زانیارییەكانی مامۆستا جەمال بابان گوایە قسەی وا هەیە و وا بڵاوبۆتەوە كەوا ئەحمەد پاشا لە پاریس ژنێكی فرانسی هێناوە بە ناوی (لافرنتیە)[٢٨] . لە سەرو بەندی جەنگی قرم ئەحمەد پاشا لە ئەستەموولەوە داوای لێدەكرێ بگەرێتەوە وڵات كە من پێم وایە ئەمە هەر لە سۆنگەی ئەو جەنگە بووە، بەڵام نووسیاری كتێبی (سیر الاكراد در تاریخ و جغرافیای كردستان), عبدالقادر بن رستم بابانی دەنوسێ گوایە ئەحمەد پاشا جێگەی سەرنجی حكومەتی فرانسی بووە و ناو و شۆرەتی ڕۆیشتووە و ڕۆژنامەكان لە سەریان نووسیووە و وەختایەكیش ئەم ڕۆژنامانە گەیشتونەتەوە ئەستەمبوول جێگەی ڕەزامەندی بەرپرسیارانی دەوڵەتی ڕۆم بووە و بانگیان كردۆتەوە[٢٩]. ساڵی ١٨٥٥ دەیكەنە والی یەمەن تا ساڵی ١٨٦٣ هەر والی یەمەن بووە. ئەم گریمانەی مامۆستا مەسعوود محەمەد گوایە هاورێتیەكەی ئەستەمبوولی نێوان نالی و ئەحمەد پاشا هی ماوەی دوای گەڕانەوەی ئەحمەد پاشا بووە لە پاریس و كاك فەرهاد شاكەلی-یش پێ لە سەر ئەم گریمانەیە دادەگرێ، پێم وایە ئەمە گریمانەیەكی زۆر بێهێزە . هەرچەندە لێكدانەوەكانی منیش هەر لە خانەی گریمانەدان، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا بایی ئەوەندە دەبن خەتێكی كاڵ بە سەر گومان و گریمانەكانی مامۆستا مەسعوود محەمەد دا

---

[٢٧] بڕوانە p . ٢٩٨ *Journal Asiatique* هەرچەند خۆدزكۆ باسی ئەوە ناكات ئەحمەد پاشا لە چ مانگێكی ساڵی ١٨٥٣ گەیشتۆتە پاریس، بەڵام بە هەموو بارێكدا لە دوو ساڵ كەمتر لە پاریس ماوەتەوە و سەفەرەكەشی لە سایەی بانگهێشت و ڤیزەی خۆدزكۆ بووە كە ئەوكات لە وەزارەتی كاروباری دەرەوەی فرەنسا كاریكردووە. نەوشیروان مستەفا ئەمین لە كتێبەكەی خۆی نووسیوویە: ئەحمەد پاشا لە ئەستەموولْ ماوەیەك دەس بەسەر بوە. ئیزنی لە دەوڵەت خواستووە و چوە بۆ پاریس. دوو ساڵێ لەوێ ماوەتەوە, بڕوانە: ***میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا***، كوردستان، ١٩٨٨، ل.١٦٨

[٢٨] جمال بابان، بابان فی التاریخ و مشاهیر البابانیین، بغداد، مطبعة الحوادث، ١٩٩٣، ص: ١٢٩.

[٢٩] عبدالقادر بن رستم بابانی ، سیر الاكراد در تاریخ و جغرافیای كردستان، بكوشش: محمد رئوف توكلی، تهران، ١٣٧٧, ص: ١٦٧.

بهێنن. بە گوێرەی لێکدانەوەکانی ئێمە ئەگەر نالی و ئەحمەد پاشا وەك لە برێك لە سەرچاوە کوردییەکاندا هاتووە ماوەیەکی زۆر لە ئەستەمبوولٚ بە یەکەوە بووبن، ئەوا هەردەبیٚ ماوەی ئەم هاورێیەتییە لە نێوان ساڵەکانی: ئاخرو ئۆخری ١٨٤٨ و کۆتایی ١٨٥٢ بێت. چونکە هیچ رێی تێناچێت نالییەکی ئاوا نزیك لە ئەحمەد پاشا لەم هەموو ماوە ئاوارەییدا کە ئەحمەد پاشا تازە لە کوردستان هەڵقەنراوە بۆ ئاوارەیی و نالی پێشتر لە ئاوارەییدا بووە نەچووبێتە لای ئەحمەد پاشا. ئەحمەد پاشا لە پاریس بە دڵنیاییەوە بە خۆدزکۆ دەڵیٚ نالی خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی ، واتە پاشا خۆی لە نزیکەوە ئاگاداری کارەکانی نالی بووە، ئەگەر ئەم شارەزایی و دڵنیابوونە لە قسەکردن لە سەر نالی هی پێش سەفەری پاشا نەبیٚ بۆ پاریس ١٨٥٣ ئەوا هیچ رێی تێناچێت هی سەردەمی حوکمڕانی ئەحمەد پاشا بێت. ئەحمەد پاشا لە ١٨٣٨ تا ١٨٤٠ و دوایش لە ١٨٤١ تا خاکەلێوەی ١٨٤٢ لەسەر حوکم بووە و دواجاریش لە ئایاری ١٨٤٢ تا ١٨٤٧ حوکمرانی کردووە. هەموو سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن ئەحمەد پاشا هەموو کاتی خۆی بۆ مەشقی سەربازەکانی بەسەر بردووە و رێی تێناچێت ئەوەندە کاتی بووبێت و لە گەڵ نالی باسی دیالێکتەکانی زمانی کوردیان کردبێت و ئەم زانیاریانە تا ساڵی ١٨٥٣ هەر لە یادەوەری پاشا بە زیندویی مابنەوە. هەر بۆ پاڵپشتی ئەم ڕایەم دەکریٚ ئەوەش بڵێم وەختایەك ئەحمەد پاشا بۆ ئەستەموولٚ دوورخرایەوە بۆ هاودەمی یەکێك لە میرە نزیکەکانی بابانی لە گەڵ خۆیدا برد ئەویش حسێن بەگی خەندان بوو، واتە باوکی سەعید پاشا و باپیرەی ژێنرال شەریف پاشا. باشە ئەحمەد پاشا لەو هەموو ماوە زۆرەی دوورە وڵاتیدا لە ئەستەموولٚ چۆن دەبیٚ کەسێکی وەکوو نالی لە بیرکردبێت، یان بە پێچەوانەوە نالییەکی سەلت و تەنیا چۆن دەبیٚ سەردانی پاشای نەکردبیٚ. بەڵگەیەکی مەنتیقی دیکەی بەهێز ئەوەیە ئەحمەد پاشا هەر دوای گەڕانەوەی بۆ پاریس کە بە هەموو پێوانەیەك دەبیٚ ئەگەر هەر زۆر زوو بووبێت، لە دوا دواییەکەی ساڵی ١٨٥٤ یاخوود سەرەتای ساڵی ١٨٥٥ گەیشتۆتەوە ئەستەموولٚ و هەمووی

**شەش مانگێك زیاتر لە ئەستەمووڵ نەماوەتەوە و کراوە بە والی یەمەن کە واپێدەچێت لە مانگەکانی ناوەڕاستی هەمان ساڵ کرابێتە والی یەمەن ١٨٥٥ و تا ساڵی ١٨٦٣ هەر والی یەمەن بووە.، بۆ والیەك ناشێ والی یەمەن بووبێت و لە ئەستەمووڵیش دانیشتبێ بۆیە من لە سەر بنەمای ئەم فاکتانە پێم وایە هاورێیەتی ئەستەمبوڵی نالی و ئەحمەد پاشا ( ئەگەر بەڕاستی ئەحمەد پاشا و نالی ماوەیەکی زۆر پێکەوە لە ئەستەمبووڵ بن) ئەوا هەر دەبێ پێش سەفەری پاشا بووبێت بۆ پاریس.**

**گریمانەیەکی مەنتیقی دیکە کە ئێستە لە کاتی ئەم نووسینەدا بە مێشکمدا دێت ئەوەیە ڕەنگە دوور نییە و هەر زۆر ئاسایشە نالی دوای گەڕانەوەی ئەحمەد پاشا لە پاریس، دوای ئەوەی پاشا بووە بە والی یەمەن سەردانی یەمەنی کردبێت و چووبێتە یەمەن یان هێندە لە ئەستەمبوول نەمابێتەوە و یەکسەر چووبێتە لای ئەحمەد پاشا لە یەمەن و دەشێ ئەوەی سەرچاوەکان باسی دەکەن زیاتر یەمەن بووبێت نەك ئەستەمبوول. من لە سەر ئەم دەرئەنجامانە دەگەمە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر نالی دوای گەڕانەوەی ئەحمەد پاشا بۆ ئەستەمووڵ سەردانی پاشای کردبێت ئەوا بێگومان لە یەمەن لە گەڵ ئەحمەد پاشای (والی شار ) بووە نەك ئەستەمبووڵ. ڕەنگە بێسوود نەبێت ئەگەر لەسەر هەمان گریمانەیە وەك مامۆستا فازیل کەریم ئەحمەد* یش بۆی چووە و منیش پێم وایە لە ڕێگەی شیعرەکانەوە هەست بەوە ناکرێت نالی هەرگیز لە شارێکی گەورەی وەك ئەستەمووڵدا ژیا بێت. هیچ بەڵگەیەکی ڕێ بەدیکەر لە ناو دیوانەکەیدا نییە تۆزێك تارمایی پرسیار و گومان بخاتە سەر ئەوەی نالی ماوەیەکی زۆر لە ئەستەمبووڵ مابێتەوە. هەرچۆنێك بێ جارێ ئەمانە تەنها گریمانەن و تا دەرکەوتنی فاکتەکان دەرگەی ئەم باسە بە کراوەیی دەهێڵینەوە، تا ئەو ڕۆژەی بەڵگەنامە و گەواهی گردەبڕمان دەستدەکەوێ. ئەحمەد پاشا ساڵی ١٨٦٣ کراوە بە والی وان و ساڵی ١٨٦٤ دووبارە**

---

* بڕوانە: فازیل کەریم ئەحمەد، *چەپکێکی تر لە گوڵزاری نالی*، ئەنتۆلۆگیا، ئامادەکردن و سەرپەرشتیکردنی خەبات عارف، سوێد، ١٩٩٩، لا: ٨٧

**دەیکەنەوە بە والی یەمەن بە پلەی وەزیر. ساڵی ١٨٦٧ بۆتە والی ئەرزەنەرۆم و ساڵی ١٨٧٥کراوە بە والی ئەدەنە و لە کۆتایی هەمان ساڵیشدا کۆچی دوایی کردووە[٣٠].**

**ئەحمەد پاشا لە دوای خۆی دوو کوڕی بە جێهێشتووە:**

**١- خەلیل خالد بەگ ( ساڵی .... بالوێزی عوسمانی بووە لە تاران و ساڵی ١٨٨٩ کۆچی دوایی کردووە).**

**٢- مستەفا عزەت پاشا (ئەمیر لیوا).**

---

[٣٠] بۆ ئەم چەردە زانیاریانە بنۆڕە: جمال بابان، بابان فی التاریخ و مشاهیر البابانیین، بغداد, مطبعة الحوادث، ١٩٩٣، ص: ١٢٨- ١٢٩. محەمەد ئەمین زەکی وعەبباس عەززاوی-یش بۆ ساڵی مردنەکەی ساڵی ١٨٧٥ یان داناوە کە وا پێدەچێ ساڵی مردنەکەی راستبێت، عەبباس عەزاوی لە کتێبەکەی شارەزووریدا نووسیویە کە ئەحمەد پاشا لە ذی القعدەی ١٢٩٢ مردووە، بەڵام لە ساڵە زایینییەکەی بەرامبەری کە ساڵی ١٨٧٢ بۆ داناوە و واپێدەچێ مامۆستا محەمەد قەرەداغی دایناب هەڵەیە و ناکەوێتە بەرامبەر ساڵی ١٢٩٢ ی کۆچی ( بڕوانە: عباس العزاوی، شهرزور-السلیمانیه: اللوا ء و المدینه، راجعه و قدم له و علق علیه: محمد علی القرەداغی، بغداد، ٢٠٠٠، ص: ٢٠٥ ) بەمپێیە ساڵی ١٢٩٢ ی کۆچی بەرامبەر ١٨٧٥ ی زایینی دەوەستێ و مانگی ذی القعدەی ١٢٩٢ دەکەوێتە نێوان ٧ ی شوبات و ٨ ی ئادار. بۆیە تا رۆژی تەواوی مردنەکەمان دەستدەکەوێ ئەمە سەرداوێکی چاکە بزانین کە ئەحمەد پاشا لە لە نێوان ٧ ی شوبات و ٨ ی ئاداری ساڵی ١٨٧٥ کۆچی دوایی کردووە.

## پێشەکی و نووسەر

ئێستە کە لێرە ئەم لێکۆڵینەوانەم دەخەمە بەردەست ڕۆژهەڵاتناسەکان، دەبێ بەر لە هەرچی ددان بەوەدا بنێم کە ئەم لێکۆڵینەوانە هەر بە تەنها هی من نین. پانزە ساڵێك بەر لە ئێستە لە کاتی گەشت و گەڕانەکانم بە ناوچەکانی: خوراسان و ئەلەمووت، هەروەها هەمەدان، گەڕۆس، تەختی سولێمان، مەراغە و کەنارەکانی گۆلی شاهی[31]، ئەو دەروناوچانەی کە هۆزە کوردە هەمەچەشنەکانی تێدا نیشتەجێن و هامشۆی دەکەن، تێبینیگەلێکم لە بارەی زمانەکەیانەوە کۆکردبۆوە.، بەڵام چونکە ئەم تێبینییانە سەرپێیی و بە پەلە و بێ هەڵبژاردن کۆکرابوونەوە نەیاندەتوانی هیچ ئەنجامێکی وایان لێوە شین ببێ، ئەگەر ڕێکەوت ئەم فریادڕەسە چاوەڕواننەکراوەی بۆ نەناردبوومایە. ئەم فریادرەسە هاتنی ئەحمەد خان بوو لە ساڵی ١٨٥٣ بۆ پاریس. ئەحمەد خان لە سلێمانی لە دایك بووە و سەرۆکی پشتاوپشتی هۆزە کوردەکانی بابانە کە لە سنجاقی سلێمانیدا دەژین. ئەحمەد خان چاکە و منەتی ئەوەی بەسەرمەوە هەیە کە هانی دام لێکۆڵینەوەکانم لە بارەی زمانی کوردییەوە تەواو بکەم. ئەحمەد خان وێرای ئەوەی بە دەست نەخۆشییەکی سەختەوە گیرۆدە بوو کە زۆربەی جار پاشای ناچار دەکرد لە ناو نوێن هەڵبستێتەوە، کەچی هەموو ڕێسایەکانی ڕێزمانی کوردی و هەموو ئەو تێکستانەی کراونەتە پاشکۆ و لەگەڵ ئەم کتێبە دەخوێنرێنەوە بەشی زۆری لە لایەن ئەحمەد خان نووسراونەتەوە و چاویان پێدا گێڕدراوەتەوە. کارەکەمان چەند جارێك وازی لێ هێنرا و دوایی تێهەڵدەچووینەوە، دواجار لە کۆتایی مانگەکانی ساڵی ١٨٥٤ کارەکەمان تەواو بوو.

هەڵبەت هەموو ئەم مەتریالە فیلۆلۆژیانە کە بە زارەکی پێم گەیشتوون، سەرەتا نەمدەویست تا نیشانی کەسێکی زۆر شارەزاتری نەدەم لە ئەحمەد

---

[31] ناوی کۆنی زەریاچەی ورمێیە. وەرگێڕ.

**خان، که به قسەی خۆی عوسمانلی و فارسییەکەی لە زمانی هۆزەکەی باشتر دەزانیٚ، چاپیان بکەم.**

**لە سووریا، لە شام زانایەکی بە ناوبانگی کوردی لێیە، مەلا خزر کە چاکتر بە نازناوە ئەدەبییەکەوە نەعلی[٣٢] ئەفەندی Néali Effendi ناسراوە کە بە تایبەتی خۆی بۆ دیالێکتە هەمەچەشنەکانی نیشتمانەکەی ( کوردستان) تەرخان کردووە و پێشتریش ڕێزمانێکی عەرەبیی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. ئەحمەد خان کە بە خۆی نەعلی ئەفەندی دەناسیٚ، وادەی پیٚ داوم پێوەندیم لە گەڵ ئەم زانا سەردەستە فیلۆلۆژناسەی نەتەوەکەی بۆ دروست بکات. لە هەمان کاتدا وادەی پیٚ داوم کە کەشکۆڵێك ( مەجموعە ) یا هەڵبژاردەیەکی شیعری کوردیی، کە لە لایەن شاعیرێکی هاوشاری سەدەی شانزەهەم ، هاوسەردەمی شاعیری فارسی جامی نووسراوەتەوە، بۆ پەیدا بکات. ئەم شاعیرە تەخەللوسی دابل Dabel ە و ناوی تەواوی خۆی شێخ ئەحمەدییە Cheikh Ahmedi . لە میزۆپۆتامیا لە جزیرە لە دایك بووە، نووسەری زۆر بەرهەمە لە وانە پۆیەمێکی خۆشەویستی بە ناوی مەم و زین کە ناوی دوو کەسایەتی دڵدارن کە خۆشەویستییەکەیان بە هەمان شێوەی لەیلا و مەجنوون لای عەرەبەکان یاخود شیرین و فەرهاد لای ئێرانییەکان وایە. هەروەها بە ئالیکاریی ئەحمەد خان پرۆژەی ئەوەم هەبوو کە چاپێکی ڕاستکراوە و چاوپێداگێڕاوەی ڤۆکابیولێرە کوردییەکانی گارزۆنی بڵاوبکەینەوە[٣٣] کە من بۆ ئەحمەد خانم دەخوێندەوە، ئەم خوێندنەوانە زۆریان ماندوو دەکرد، جگە لە دە دوانزە وشەیەك هیچیتری لیٚ حاڵی نەدەبوو، جا یا**

---

[٣٢] **خۆدزکۆ لە جیاتی نالی نوسیویە نەعلی، وەرگێڕ.**

[٣٣] **خۆزگە کوردیزانێك یا چەند شارەزایەکی ناوچەی ئامێدی، ئەوانەی شارەزاییەکی تەواویان لە شێوەزاری ئەم ناوچەیە هەیە ئەم پڕۆژە مەزنەی کە خۆدزکۆ نیازی بوو بیکات و نەیتوانی تەواوی بکات، ئەوان تەواویان دەکرد و دووبارە بە ڕێنووسیی کوردی تازە و شەرح و لێکدانەوەی تازەوە، ئەم کتێبە نایابەی گارزۆنی–یان دووبارە چاپدەکردەوە، هەرکەسێك بیەویٚ ئەم کارە پیرۆزە وەئەستۆ بگریٚ، من ئامادەم کۆپییەکی کتێبەکەی پێشکەش بکەم. وەرگێڕ.**

ئەوەتا ڕێنووسە ئیتالییەکەی گارزۆنی بە شێوەیەکی ئاشکرا وشەکانی دیالێکتی ئامێدی Yamadié ی نەنوسیووەتەوە، یا ئەوەتا مامۆستا نەجیبزادەکەم شارەزایی لەم دیالێکتەدا نییە.

لە ناوەڕاستی ئەم لێکۆڵینەوانەدا بووین، کە ئەحمەد خان لە پاریسەوە بۆ کۆنستانتینۆپل داوا کرایەوە، منیش بڕیارم دا ئەم لێکۆڵینەوە فیلۆلۆژیانە بەمشێوە سەرەتایی و ناتەواوە بڵاو بکەمەوە چێترە لەوەی ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی فریادرەسی کۆمەگی زانستیانەی دابل یا نەعلی ئەفەندی بم کە لەوانەیە هەرگیز نەیەن. لەم چەند ساڵانەی دواییدا ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان زۆر بە گوڕتر لە ناوچەکانی دیکەی ئەوروپا سەرقاڵی ئەدەبی کوردی بوون. ئێمە پێشتر ئاگاداری چەند نموونەیەکی زمانی کوردیین کە لە چاپکراوە سرنجڕاکێشەکەی بەڕێز بێرێزین Bérézine دا بڵاوکراوەتەوە. کرۆنیکی مێژووی کوردی شەرەفخان لە ژێر چاپە و لە ژێر چاوەدێریی زانای پرۆفیسۆر ڤۆن دۆرن Von Dorn خەریکی وەرگێڕاوێکی کوردیی گولستانن[٣٤]. شاگردەکەی دۆرن، بەڕێز لێرخ، دەبێ تا چەند ماوەیەکی کەم بیست و پێنج گۆرانیی نیشتمانی و بڕێکی دیکە لە نموونەی دیالێکتە هەمەچەشنەکانی کوردستان بڵاوبکاتەوە[٣٥] کە بەرهەمی مانەوەیەکی چەند هەوتوویەکن کە بەڕێز لێرخ لە گەڵ زیندانییە کوردەکان ئامادەی کردوون کە لە کاتی دوا جەنگی ڕۆژهەڵات ڕەوانەی رووسیا کراون.[٣٦]

---

[٣٤] ئەم دەستنووسە، بە گوێرەی م. ب. ڕۆدینکۆ ئێستە لە کتێبخانەی (لینێنگراد)سان پێترەسبوورگ لە ژێر کۆدی B٣٩٧٧ پارێزراوە. بڕوانە : ( وەسفی کۆمەڵە دەستنووسە کوردییەکانی لێنینگراد )، مۆسکۆ، ١٩٦١، لا: ٣٠

[٣٥] بڕوانە راپۆرتی بەڕێز ڤۆن دۆرن لە ژمارە دووی *Mélanges asiatiques* ڕۆژی ٢٠ ی تەمموزی ١٨٥٦. خۆدزکۆ.

[٣٦] ئەم کارەی گەورە ڕۆژهەڵاتناسی رووس، پ, لیرخ سێ بەرگە کتێبی نایابی لێکەوتەوە بە ناوی ( چەند باسێك دەربارەی کوردەکانی ئێران و خالدییەکانی پێشینانی باکووریان ) کە ساڵەکانی ١٨٥٦، ١٨٥٧، ١٨٥٨ بە زمانی رووسی لە سان پێترەسبوورگ بڵاوکرانەوە و دواتر تەرجەمەی ئەلمانیش کران و بە سێ بەرگ هەر لە سان پێترەسبوورگ بلاوکرایەوە: Lerch, Peter Ivanovitch, *Forschungen uber die Kurden und Dier Iranisechen*

سەرچیخ دەچم ئەگەر بیرو ڕای بەڕێز Pott قەبووڵ بکەم. کە بە دوای ئەوەدا دەگەڕێ ئەوە بسەلمێنێ کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆ و خاوەن ڕەسەنی خۆیەتی *sui generis* . پێم وایە ئێمە هێشتا کەرەسە و مەتریالی تەواومان لە بەردەستدا نییە تا دواجار بڕیار لە سەر مەسەلەیەکی ئاوەها گرینگ بدەین و هەموو ئەوەیش کە لەم بارەیەوە زانراوە بەم شێوەیە کورتبکەینەوە:

زمانی کوردی لە دوو توخمی جیاواز پێك هاتووە کە یەکیان لە گەڵ ئەوی دیکەیان جیاوازە. یەکەم : گرامەرەکەی بە شێوەیەکی نزیکەیی هاوشێوەی ئەوەی فارسیی هاوچەرخە و سێ چارەگی وشەکانی ، بە گوێرەی ئەو هۆزەی کە قسەی پێ دەکەن هاوسێ ی ئێران، ئەناتۆلی یا سوریان یا لە فارسی، یا لە تورکی یان لە عەرەبییەوە وەرگیراون. دووەم : نیزیکەی دوو لە سێی ئەو وشانەی کە ماونەتەوە سەر بە زمانێکی نەناسراون و لە ئەنجامدا لە ئیسلام، لە فارسی نوێ و لە تورکی کۆنترە، ئەمە زمانی کوردییە بە مانای ووشەکەوە، و ڕەنگە زمانی نووسینە بزماریەکانی cunéiformes نەینەوا، خوسرەو ئاباد هتد بێت.، چونکە ئەگەر هیچ کەس لاریی لەوە نەبێت کە کوردەکان کاردۆخییەکانی ΚΑΡΔΟγΧΙΟΙ گەزنەفۆن، دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو خاکەی کە نووسینە بزماریەکانی تێدا دۆزراوەتەوە، ئایا تا ئەوپەرەکەی شییمانەی ئەوە نەبێ گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەو نووسینانە بەو ئامانجە نووسراونەتەوە کە لە لایەن خەڵکی ئەو وولاتەوە بخوێنرێنەوە و تێیان بگەن، بە واتایەکی دیکە بە کوردیی هاوسەردەمی داگیرکردنەکانی ئاشووریەکان نووسرا بێت؟

---

*Nordchaldaen*, Abt (٣ Bände), St-Petersbourg, ١٨٥٧–١٨٥٨. کتێبی یەکەم لە بارەی هۆزە کوردییەکان بوو لە ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی، کتێبی دووەم تایبەت بوو بە زمانی کوردی و بەتایبەت هەردوو دیالێکتی کورمانجی و دیالێکتی زازا و کتێبی سێیەمیش باسێکی درێژ و فەرهەنگۆکی هەردوو دیالێکتی بەرگی دوووەم بوو.

بۆ ئەوەی بوارەکانی ئەو دیالێکتەی بووەتە کەرەسەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دیاری بکەین، ئەوە تێبیینی دەکەین کە شاری سلێمانی، ناوەندی قەزای سنجاقی هەمان ناو، لە بنچینەدا شارێکی نوێیە. ساڵی ١٧١٤ لە لایەن سولێمان، سەرۆکی کوردە هاوشارییەکانی هۆزی بابان دروستکراوە کە کورەکەی خانە پاشا[٣٧] khalate Pacha کە هەموو ئەو بنەماڵانەی ( ئۆجاغ) کە ئێستە پێیان دەڵێن خانە پاشایی لە ناوی ئەوەوە کەوتوونەتەوە. سنجاقی سلێمانی ئێستەکە سەر بە پاشالیکی شارەزوورە و لە کاتی پێویستدا دەتوانێ سوپایەکی دە هەزار سوارچاك و پیادەی سەربازی ئامادە بکات.

دەمەوێ بڵێم سەرچاوەی سەرەکیی ناسینی من بۆ زمانی کوردی، ئەحمەد خان، چوارەم پاشای بنەماڵەی باڵادەستی ئەم ناوچەیەیە کە کوردەکانی فراکسیۆنی هۆزە کوردییەکانی بابان تێیدا لە سنجاق و لە شاری سلێمانیدا دەژین. جا ئەگەر ناوی دیالێکتی بەبە Bébé بە سەر زمانەکەیاندا نابڕم، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە هۆزی گەورە و گرانی بابان بە زۆر دەر و ناوچەدا بڵاوبوونەتەوە و پێم وایە بە دیالێکتێك زیاتر قسە دەکەن.، بۆ نموونە، کوردەکانی ڕەشەوەند[٣٨] Richvend، کە لە ئاواییەکانی ئەلمووت و ڕوودباری قەزوین Roudbari kazbine کە من ماوەی چەندین ساڵ پێوەندیم لە گەڵیاندا هەبووە، ئەوانیش هەر سەر بە هۆزی بابانن. هەڵبەت زمانەکەیان کە بە ناوی لولو[٣٩] Lolo وەیە، وشەی وای تێدایە کە ئەحمەد خان هەرگیز ئەوەی بە بیردا نەدەهات لە وڵاتی خۆیدا گوێبیستیان بووبێت، بۆ نموونە وەك : مرۆ ( پیاو ) homme.، *وەکاکە* و بە هەمان شێوە *ئو بەدەنگ* fusil ( دەمانچە ).، *گیاویست* ( بەرد ) pierre.، *دێیلیزی* (ئەسپ) cheval.، *ئو بێداو* ( مەر )

---

[٣٧] نووسەر نووسیویە خەڵات پاشا khalate Pacha، پێم وایە مەبەستی خانە پاشا بووبێت. وەرگێڕ.

[٣٨] لقێکن لە هۆزی هەمەوەند. وەرگێڕ.

[٣٩] لولو loulou : بە گوێرەی مەسعوود کەیهان ناوی هۆزێکی تەواو کوردییە و لە زەنگار دا دەژین. بە داخەوە کەیهان هیچ زانیاریی زێتر بە دەستەوە نادات، بڕوانە : مسعود کیهان, *جغرافیای مفصل ایران* (٢) سیاسی, مطبعة مجلس, تهران، ١٣١١، ص. ٥٧

mouton.، ***کورتان*** ( **نان** ) pain.، ***زووار*** ( **کوڕ**) garçon.، ***کەلێمووە*** ( **شمشێر** ) sabre.، ***ئوبوز پان*** ( **مانگا** ) boeuf ( **بە شێوەیەکی ئەدەبی واتەی لمۆز (قەپۆز)ێکی پانەوەبوو دەگەیەنێ ). کەوایە بەردەوام دەبم لەوەی بەم دیالێکتەمان بلێم *دیالێکتی سلێمانی*.**

## ئێتیمۆلۆژی Etymologie

### لەبارەی ئەلفوبێوە:

کوردە خوێندەوارەکان، بە گشتی ئەوانەی زمانی زگماکی دایکیان بە تەواوی نازانن، لە نامە و نامەکارییان لە گەڵ دەسەڵاتدارەکانیان و لە نێوان خۆیانیشدا، یا بە فارسی، یا بە تورکی یا وەکوو بە عەرەبی دەنووسن. جا ئەگەر جارناجارێکیش ناچار بن هەر بە کوردی بنووسن، ئەوا بە یاریدەی ئەلفوبێی فارسی کوردی دەنووسن. ڕاستییەکەی، هەموو کۆنسۆنە ( پیتە بێدەنگەکان) consonne فارسییەکان هاوشێوەن لەگەڵ زمانی کوردی، هەر هیچ نەبێت لەگەڵ ئەوەی تایبەتە بە دیالێکتی سلێمانی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم دیالێکتی سلێمانییە زۆر ڤۆیەل voyelles و دیفتۆنگ (بزوێنی دوو لانە) ی diphthongues تێدایە کە مەحالە بە یاریدەی ئەو ئۆرتۆگرافییەی orthographie ( ڕێنووس) کە لە زمانی فارسیدا بەکاردەهێنرێ بەرهەم بهێنرێنەوە. بۆ نموونە چۆن بتوانین بە فارسی ئەم دەنگانە یٚ ae، ۆee، ووoo، ئەوâau، ئێوە âouaoue هتد گۆ بکەین، کە زۆر بەرچاو دەکەون و بە دوای یەك دادێن.، بە بێ ئەوەی کۆنسۆنەکان ( پیتە بێدەنگەکان ) consonnes لەناو ووشە کوردییەکاندا نەبن؟ هەڵبەتوەك چۆن ئەحمەد خان سوودی لە ئۆرتۆگرافی فارسی وەرگرتووە، ئێمەش ووشە کوردییەکان وەك چۆنی نووسیوە دەهێڵینەوە. تەنها ئەوەمان بە هێند هەڵگرتووە کە لە دوای هەر وشەیەکەوە، بایەخە فۆنەتیکییەکەمان بە تیپی فرانسەوی نووسیوەتەوە.

# وشە کوردیەکان

## I - ناو SUBSTANTIFS

١= لەو دیالێکتە کوردییەی کە ئێستەکە ئێمە لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکەین، هیچ باسێکی زایەندی genres تێدا نییە. ناوی بوونەوەرە زیندووەکان بە گوێرەی زایەندی بوونەوەرەکە یا نێرینەیە یا مێینەیە، بە بێ ئەوەی هیچ جۆرە شێوەیەکی ڕێزمانی هەبێت دەستنیشانی بکات. هەموو ناوە بێگیانەکان بێلایەنن، واتە هیچ چەشنە ئیدێیەکی زایەندی پێوە نالکێنن. نموونەکان:

باوق[40] père .، دایك mère.، برا frère.، خوشك soeur.

٢- ناوی کۆ pluriels بە زێدەکردنی تاکبڕگەی monosyllabe ( ان) یا (یان)، یا ( کان) ، یا ( گان) بۆ سەر تاکی کارایی singulier nominatif دروست دەبێ. نموونەکان:

رەنی ( رێوی) renard le ، رەنیان renards les .، داغبێ ( چۆلەکە) l'oiseau، داغبێیان oiseaux les .، – کورد le Kurde، کوردەکان les Kurdes ( کاردۆخییەکانی گەزنەفۆن ) .، – سەگ le chien، سەگەکان Les chiens.، – پیاو l'homme، پیاوان les homes.، بەرت[41] la pierre ، بەرتان les pierres.، کچ یا کیژ la fille، کیژان les filles.، – کوڕ le garçon و کوڕەکان les garçons.، – گوێ[42] l'oreille، گوێیان les oreilles. – مەڕ le mouton، مەڕەکان les moutons.

---

[40] خۆدزکۆ لێرەدا لە جیاتی باوك نووسیوویە (باوق) و بە لاتینیەکەش نووسیویە bâouq کەچی بۆ وشەی خوشك نووسیویە khochk واتە بۆ یەکەمیان پیتی (ق) بە q نووسیوە و بۆ دووەمیان بە (ك) k ی نووسیوە. وەرگێر.

[41] خۆدزکۆ لە جیاتی بەرد نووسیویە بەرت و بە لاتینیەکەش نووسیویە bert. وەرگێڕ.

[42] خۆدزکۆ نووسیویە (گوو) و بە گوێرەی ترانسکریپسیۆنی لاتینیەکەش گوێو guéou نووسراوە.. وەرگێر.

٣- دەستنیشانکردنی تایبەتی ( کۆ ) لە زمانی کوردیدا ( ان) ە.، چونکو تێکەڵاوبوونی ( ی ) و ( ك ) وادەبیٚ لەبەر خۆشئاوازی euphoniques کە (ك) یەکە تەنها دەبێتە نیشانەی یەکەی پێوانەیی ، کە کەمێك دواتر باسی لێوە دەکەین ( بەشی ١٦) .

٤- ئەمەیان نموونەیەکی گەردانکردنە لە کوردیدا.

تاك

Nom. کوڕ garçon ;،

Gén. هی یا ی کوڕ du garçon ;

Dat. بۆ کوڕ au garçon ;

Acc. کوڕی Le garçon ;

Voc. یا کوڕ ô garçon !

Abl. لە کوڕ du garçon ;

Loc. لە کوڕدا dans le garçon.

کۆ

Nom. کوڕەکان les garçons ;،

Gén. هی یا ی کوڕەکان des garçons ;

Dat. بۆ کوڕەکان aux garçons ;

Acc. کوڕەکان Les garçons ;

Voc. یا کوڕەکان ô garçons !

Abl. لە کورەکان des garçons ;

Loc. لە کورەکاندا dans les garçons.

## تێبینیەکان لە بارەی گەردانکردنەوە

٥- هەموو ناوەکان بە هەمان شێوە گەردان دەکرێن.

٦- دۆخەکانی ناڕاستەوخۆ ( ئۆبلیك) oblique لە هەردوو باردا بە هەمان شێوە دروست دەبن.

٧- دۆخی ئیزافه le génitif به دانانی (ی) *i* ، یا وەکوو (هی) *hi*، له پێش حاڵەتی کارایی nominatif دروست دەبێ. دوای پیته بێدەنگی سەختی ق q ، غ gh ، (ی) I دەگۆرێ بۆ ئا a . نموونەکان:
چاوی پیاو l'oeil de l'homme .، کوڕی دێیان le garçon du village .، پرچ هی بووک (بووک) une boucle des cheveux de la fiancée .،بیرقەی برووسکه l'éclat de l'éclair .، حقه[٤٣]ی مریشك l'oeuf de la poule.

ئەم دۆخی ئیزافەیه génitif ce دەشێ ئەویش به بێ تەواوکەر complément به کاربهێنرێ و ئەمەیان ئەوەیه که له حاڵەتی ئیزافەی فارسیی جیا دەکاتەوە.

٨- دۆخی بەرکاریی نا ڕاستەوخۆ le datif له کاتی به پێشکەوتنی دۆخی کارایی nominatif دروستدەبێ، یا وەکوو به پێش پرێپۆزسیۆنی ( له ) یا پرێپۆزسیۆنی فارسی (به ) *be* دەکەوێتەوە.

٩- دۆخی بەرکارێتی ( ئەکیوزاتیف) acussatif هەروەك له زمانی تورکیدا له ڕێگەی (ی ) I کۆتایی دروستدەبێ دەبێ که بۆ دۆخی کارایی nominatif ئیزافه دەکرێ. له حاڵەتی ( کۆ) دا ئەم (ی) یه دەمووودەست وەپێش دوایەمین برگەی دۆخه کارا nominatif ( نۆميناتيف) ەکەی دەکەوێتەوە

١٠- کوردەکان وەکوو فارسەکان زۆربەی کات دۆخی کارایی ( نۆميناتيف) nominatif له سەر شێوەی دۆخی بەرکارێتی راستەوخۆ accusatif به کار دەهێنن.

١١- بانگکردن le vocatif هەر وەکوو له زمانی فارسیدا، له ڕێگەی پرێپۆزسیۆنی ( یا) دەبێ که دەکەوێته پێش دۆخی کاراییەوە nominatif.

١٢- مەفعول فیه l'ablatif هیچی له دۆخی کارایی nominatif جیاواز نییه تەنها به بوونی پرێپۆزسیۆنی ( له) نەبێت.

---

[٤٣] له تێکستەکه نووسراوە (حقه)، به وەرگێرانه فرانسییەکەی وشەکه هێلکەیه. وەرگێر.

١٣- ئاوەڵكاری شوێن le locatif لە دۆخی كارایی پێكدێ كە ( لە) ی لە پێشدا دێت و لە هەمان كاتیشدا پۆستپۆزسیۆنی postposition ( دە) de ی لە دوا دێت.

## II- لە بارەی نیشانەوە ( ئامراز) DE L'ARTICLE

١٤- ژمارەی بنچینەیی le numératif cardinal (یَك )، (یٚكی) لە سەر شێوەی نیشانەی یەكەیی article d'unité و برێك جاریش بە واتەی تەواوی وشەكەوە وەكوو نیشانە ( ئامراز) دەخرێتە سەر كۆتایی وشە نۆميناتيفەكان nominatifs نموونەكان :

پیاوەك یا پیاوێكی un homme ،. رەنێك (رێوییەكی) un renard ،. ژنێك une femme،. et aussi la femme

١٥- نیشانەكانی یەكەیی Les articles d'unité هەر بە ( كۆ ) دەمێننەوە، نموونەكان : كوڕەكان les garçons ،. كوردەكان les kurdes.

١٦- ناوە كۆتایی هاتووەكان بە ( ك) نیشانەی یەكەییەكانیان article d'unité بە یاریدەی ( یٚ ) دروستدەكەن، نموونە :

مریشك poule ، مریشكیٚ une poule.

## III- ئاوەڵناو ADJECTIFS

١٨- هەر وەك لە زمانی فارسیدا، ئاوەڵناوە كوردییەكان بە شوێن ناودا دێن و رێككەوتنی رێزمانی accord grammatical بە یاریدەی ئیزافەكان *izafets* دەبێت، نموونەكان :

داری ئونیشك[٤٤] l'arbre sec،. شەوی تاریك la nuit obscure،. كێوێكی بەرز une montagne haute ،. پیاوێكی چت[٤٥] un homme stupide.

---

[٤٤] خۆدزكۆ نووسیویە ئونیشك كە بە گوێرەی فرانسییەكە وشەكە ( وشك) ە. وەرگێڕ.

[٤٥] خۆدزكۆ نووسیویە چت كە بە گوێرەی وشە وەرگێراوە فرانسییەكە وشەكە واتەی گەمژە یا گەلۆر دەدات. وەرگێڕ.

١٩- ئاوەڵناوە کوردییەکان گەردانناکرێن و کۆیەکانیان هیچ جیاوازییەکیان لە گەڵ تاکەکان نییە.

٢٠- جاری وا هەیە لە حاڵەتی دروستکردنی ئاوەڵناو وا دەبێ ناوەکە بە پێش ئاوەڵناوەکە دەکەوێتەوە. نموونەکان :

- خودا گەورەیە (Dieu est grand ( littér. Dieu grand sest .، -
ئەمانە سفین[٤٦] ( ils sont blancs ( littér. Tous blancs ils sont .، -
ڕۆژهەرات l'ouest .، - هەتاوێکی گەرمە ئەمڕۆ il fait très chaud aujourd'hui ( littér. Le soleil est chaud aujourd'hui ).

## پلەکانی بەراوردکردن Degrés de comparaison

٢١- پلەکانی بەراوردکاری تەقریبەن هەر بە هەمان شێوەی زمانی فارسی دروست دەبن.

٢٢- بۆ ئەوەی ئاوەڵناوی بالاّ superlatif وەدەست بخەین ئەوا وەشوێن ئاوەڵناوی تاکبڕگەیی monosyllabe ( تر ) دا دەچین، نموونەکان :

| | |
|---|---|
| چاق[٤٧] bon | چاقتر meilleur |
| ڕەش noir | ڕەشتر plus noir |
| سوور rouge | سوورتر plus rouge |
| قووڵ émoussé | قووڵتر plus émoussé |
| ئەستوور gros | ئەستوور تر plus gross |

٢٣- بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی بالاّ superlatif، ووشەی ( زۆر ) trop ، beaucoup به شێوه ئەدەبییەکەی بە واتەی " force " دێت دەخەینە پێش ئاوەڵناوی بەراوردکردنەکە comparatif ، نموونەکان :

برسی affamé، برسیتر plus affamé، زۆر برسیتر le plus affamé

---

[٤٦] خۆدزکۆ نووسیویە سفین و بە ترانسکریپسیۆنە لاتینیەکەش هەر سفین *sefin* نووسراوە, کە واتەی سپی دەگەیەنێ. وەرگێڕ.

[٤٧] لێرەش بە هەمان شێوەی ووشەی باوق, لە جیاتی چاك نووسراوە چاق. وەرگێڕ.

تێر rassaié، تێرتر plus rassasié، زۆر تێرتر le plus rassasié

٢٤- ئامرازی پێوەندی conjonction فرانسیی ( que ) ئەگەر بکەوێتە دوای ئاوەڵناوێکی بەراوردکارییەوە comparatif ئەوا لە زمانی کوردیدا دەبێتە ( لە) *le*، نموونەکان :

- کتێبی من لە کتێبی تۆ زۆر چاکترە، mon livre est beaucoup meilleur que le tien (littér. Le livre à moi du livre à toi force meilleure est ).
- چاوانی لە زووف رەشترە، les yeux sont bien plus noirs que les cheveux ( littér. Les yeux de cheveux force noire est ).
- خودا لە پیاو زۆر گەورەترە، Dieu est bien plus grand que l'homme ( littér. Dieu de l'homme force haute est ).
- ئەسپ لە بارگیر نەجیبترە لاکین ماین لە هەردووکیان چاکترە، un étalon est plus noble qu'une bête de somme; mais la jument vaut mieux que tous les deux.

( کیان ) kian ، کۆی ( کە) یە.

## IV– ژمارەکان DES NUMERATIFS

٢٥– تەنها بە گۆکردن prononciation دەکرێ جیاوازی لە نێوان ژمارە ریزکراوەکانی numératif ordinaires کوردی و فارسی بکرێ، نموونەکان:

چوار quatre .، پێنج cinq.، هاوت[٤٨] sept.، سوت cent .، دوو سوت deux cents.، هتد.، هتد.

٢٦– ژمارە ڕیزکراوەکان بە زێدەکردنی ( ومـوون ) لە دوای ژمارە بنچینەییەکان cardinaux دروستدەبن. نموونەکان :

چوارموون le qutrième.، پێنجموون le cinquième. هتد

٢٧– بە ژماردنی یەکجار، دووجار ، هتد ووشەی fois لە زمانی کوردیدا بە ( جار) وەردەگێڕدرێ، نموونەکان :

یەك جار une fois .، دووجار deux fois.، سێ جار trois fois ، هتد.

---

[٤٨] لە تێکستەکە لە جیاتی حەوت نووسراوە هاوت و لە جیاتی سەت یان سەد نووسراوە سوت. وەرگێڕ.

## V- جێناو* PRONOMS

### A-جێناوە کەسییە ڕەهایەکان.

٢٨- لە تاکدا، جێناوە کەسییە کوردییەکان بە نزیکییەکی تەواو هاوشێوەی جێناوی کەسین لە زمانی فارسیدا.، بەڵام لە ( کۆ) دا بە هیچ شێوەیەك لە یەك ناچن. ئەمەیان گەردانکردنەکەیانە

کەسی یەکەم

*singulier* تاک

*Nominatif:* من *moi*،

Génitif :هی من de moi ( le mien).،

*Datif :*بە من *à moi.*،

Accusatif :منی me.

Ablatif : لە من de moi،

Locatif : لە مندە dans moi.،

pluriel کۆ

*Nominatif:* ئێمە *nous*

Génitif :هی ئێمە de nous ( notre).،

*Datif :*بە ئێمە *à nous.*،

Accusatif : ئێمەی nous.

Ablatif : لە ئێمە de nous،

Locatif : لە ئێمەدە dans nous.،

---

* برێك لە نووسەرانی کورد لە جیاتی جێناو pronom ووشەی ( راناو) بەکاردەهێنن. Pronom ووشەیەکە جێگەی ( ناو) دەگرێتەوە و لە بریتی ناویش بەکاردەهێنرێت, بۆیە پێم وایە ووشەی ( جێناو) زۆر کوردیتر و خۆشناوازترە وەك لە ( راناو). وەرگێر.

کەسی دووەم

*singulier* تاک

*Nominatif:* تۆ *toi،*

Génitif : هی تۆ de toi ( le tien).،

*Datif :*بە تۆ *à toi.،*

Accusatif : تۆی te.

Ablatif : لە تۆ de toi،

Locatif : لە تۆدە dans toi.،

pluriel کۆ

*Nominatif:* ئێوە *vous*

Génitif :هی ئێوە de vous ( votre).،

*Datif :*بە ئێوە *à vous.،*

Accusatif : ئێوەی vous.

Ablatif : لە ئێوە de vous،

Locatif : لە ئێوەدە dans vous.،

کەسی سێیەم

*singulier* تاک

*Nominatif:*ئەو *lui.،*

Génitif : هی ئەو d'elle.، de lui ،

*Datif :*بە ئەو *à elle..، à lui،*

Accusatif : ئەوی la.،le

Ablatif : لە ئەوی d'ele.، de lui،

Locatif : لە ئەودە dans elle.، dans lui،

pluriel کۆ

*Nominatif:* **ئەوان** *elles.، eux*

Génitif : **هی ئەوان** d'elles ( leur).، d'eux،

*Datif :* **بە ئەوان** *à elles.، à eux،*

Accusatif : **ئەوانی** elles.، eux

Ablatif : **لە ئەوان** d'elles.، d'eux،

Locatif : **لە ئەواندە** dans elles.، dans eux،

**٢٩- تێبینی ئەوە دەکەین کەوا ( کۆ) ی ئێوە** vous **و ئەوان** eux **لە جێناوی کەسی سێیەمەوە دادەرێژرێ. تاکی ئەو** lui **هەر وەکوو ( شما ) و ( ایشان ) لە زمانی فارسییدا لە جێناوی کەسی سێیەمی تاک ( ش)** lui **دادەرێژرێ.**

**٣٠- لە چەند حاڵەتێکدا جێناوی تاکی کەسی یەکەم ( من ) دەتوانرێ بە ( ئەز)** moi **جێگەی بگردرێتەوە وەك ئەوەی لە دیالێکتی تالیشدا هەیە.**

**B- جێناوە کەسییە لکێنراوەکان** Pronoms personnels conjonctifs

**٣١- دوو جۆرە جێناوی کەسی لکێنراو هەیە :**

**یەکەمیان ئەوەی کە بەدەگمەن تەنها بە هاوبەش لەگەڵ ناو** nom **بەکاردەهێنرێ و ئەوەی کە یارمەتیی گەردانکردنی شێوەی رابووردوو** prétérit **دەدات لە کرداری کوردیدا.**

**٣٢- لە جۆری یەکەمیاندا ئەمانە دەگرێتەوە : (م)** m، mon .، **(ت)** ton .، **(ی)** son .، **( مان)** mes .، **( تان)** vos .، **( یان )** leurs . **بۆ نموونە هێنانەوە بەم شێوەیە دەگوترێ :**

**برینم** ma blessure

**برینت** ta blessure

**برینی** sa blessure

**برینمان** nos blessures

برینتان vos blessures
برینیان leurs blessures

٣٣- جۆرەکەی دیکە تەنها بەوەندە لەوەی دیکە جیاوازە، کە هەموو کەسەکان لە ( کۆ ) و (تاک ) دا بە ( د) ێك دەستپێدەکات. نموونەکان :

دەم هێشت je laissai
دەت هێشت tu laissas
دەی هێشت il laissa
دەمان هێشت nous laissâmes
دەتان هێشت vous laissâtes
دەیان هێشت ils laissèrent

ئامادەبونی ئەم جێناوانە پێویست بەوە دەکات کە کردارەکە هەمیشە بڕگەی دواییەکەی قرتاو بێ apocopé. لە برێك لە دیالێکتەکانی سلاڤدا[٤٩] هەمان جۆری ناو هەیە کە دەبێ پێیان بڵێین جێناوە کردارییەکان verbaux، بەو پێیەی کە تەنها لەگەڵ کردار verbe دا بە کار دەهێنرێن.

٣٤- دەتوانرێ گیرەکی ( ئەفیکس ) affixe ( د) D رەشبکرێتەوە بە مەرجێك ناوێك جێگەی بگرێتەوە. بەمشێوەیە بۆ نموونە ئەگەر ووشەی خێوەت tente بخەینە بەردەم جێناوە کەسییە لکێنراوەکان و ووشەی ( فرۆت ) کە ووشەی قرتێنراوی چاوگی فرۆتنە vendre بە تەواوی لەم نموونانەی خوارەوە دەردەبڕین، کاتێك دەگوترێ :

خیوەتم فرۆت je vendis ma tente
خێوەتت فرۆت tu vendis ta tente
خێوەتی فرۆت il vendis sa tente
خێوەتمان فرۆت nous vendîmes nos tentes

---

[٤٩] بە نموونە دەگوترێ *iam byll. Tys byll. On byll. Mysmy byli. Myscie byli. Oni byli.*

vous vendîtes vos tentes **خێوەتتان فرۆت**
ils vendirent leurs tentes **خێوەتیان فرۆت**

**٣٥– جێناوە کەسییە لکێنراوەکانی کەسی یەکەمی تاک ( م)** m **بڕێکجار وەکوو ( می )** mi **و هەروەها وەك ( موو ) ش** mou **گۆدەکرێن.**

**C – جێناوی خۆیەتی** Pronoms reflechis

**٣٦ – لە زمانی کوردیدا تەنها یەك جێناوی خۆیەتی** Pronoms reflechis **هەیە ئەویش : ( خۆ) یە** soi-même .

**٣٧– ئەم جێناوە تەنها بە هاوبەشی لە گەڵ جێناوەکانی دیکەدا گەردانەدەکرێ، وەك بۆ نموونە :**

*کەسی یەکەم*

*singulier تاک*

*Nominatif:* **خۆم** *moi-même.*،

Génitif : **هی یا ماڵی خۆم** de moi-même.،

*Datif :* **بە خۆم** *à moi-même.*،

Accusatif : **خۆمی** moi-même.

Ablatif : **لە خۆم** de moi-même،

Locatif : **لە خۆمدە** dans moi-même.،

pluriel **کۆ**

*Nominatif:* **خۆمان** *nous-mêmes.*

Génitif : **هی یا ماڵی خۆمان** de nous-mêmes.،

*Datif :* **بە خۆمان** *à nous-mêmes..*،

Accusatif : **خۆمانی** nous-mêmes.

Ablatif : **لە خۆمان** de nous-mêmes.،

Locatif : **لە خۆماندە** dans nous-mêmes.،

کەسی دووەم

*singulier* تاک

*Nominatif:* **خۆی تۆی** *toi-même.*،

Génitif : **هی یا ماڵی خۆی تۆی** de toi-même،

*Datif :* **بە خۆی تۆی** *à toi-même.*،

Accusatif : **خۆیی تۆیی** toi-même

Ablatif : **لە خۆی تۆی** de toi-même.،

Locatif : **لە خۆی تۆیدە** dans toi-même.،

pluriel کۆ

*Nominatif:* **خۆتان** *vous-mêmes.*

Génitif : **هی یا ماڵی خۆتان** vous-mêmes.،

*Datif :* **بە خۆتان** *à vous-mêmes.*،

Accusatif : **خۆتانی** vous-mêmes.

Ablatif : **لە خۆتان** de vous-mêmes،

Locatif :**لە خۆتاندە** dans vous-mêmes.،

کەسی سێیەم

*singulier* تاک

*Nominatif:* **خۆی** *lui-même.*،

Génitif : **هی یا ماڵی خۆی** de lui-même.،

*Datif :* **بە خۆی** *à lui-même..*،

Accusatif : **خۆیی** lui-même

Ablatif : **لە خۆی** de lui-même.،

Locatif : **لە خۆیدە** dans lui-même.،

pluriel کۆ

*Nominatif:* **خۆیان** *eux-mêmes.*

Génitif : **هی یا ماڵی خۆیان** d’eux-mêmes.،

*Datif :* به خۆیان *à eux-mêmes..*،
Accusatif : خۆیانی eux-mêmes.
Ablatif : له خۆیان d'eux-mêmes.،
Locatif : له خۆیانده dans eux-mêmes..،

**چەند سرنجێك له بارەی جێناوه خۆییەكان**

**٣٨- بەڕێز Vullers یەكەمین كەس بوو كە تێبینیی ئەوەی كرد[٥٠] كە ووشەی ( خود ) ی فارسی جگە لە دۆخی ناراستەوخۆی Oblique ووشەی ( خو) *khou* هیچی دیكە نییە كە لە سەر شێوەی سانسكرێتی sanscrite دروست دەبێت، واتە لە ڕێگەی پێوەلكانی كۆنسۆنی consonne ( د) D ەوە. ڕاستیەكەی لێرەدا بەرەو ڕووی هەمان پێكهاتەی ( د) دەبینەوە كە ئامادەبوونی بۆ ئاوەڵكاری شوێن (** ظرف مكان **) لە سێ كەسی جێناوی خۆیی پێویستە.**

**٣٩- لە دۆخی كارایی nominatif ( كۆ ) ی جێناوی خۆیی كەسی سێیەمی ( خۆیان ) دەتوانرێ ووشە زۆر گۆڕاوەكەی variante ( خۆیانیان ) لە جێگە دابنرێ، نموونەكان :**

ils s'aimaient bien entre eux ( Littér. eux-**خۆیان خۆشدەوێ** mêmes bien s'aimaient )

**لە كرداری (خۆش ئەویستن)** [٥١] aimer. Chérir **ەوە.**

**٤٠- ئەمانە چەند دەربڕینێكی باون لە لای كوردەكان :**

-**خۆی جوان دەكە** il ou elle se fait jeune. C'ets-à-dire s'habille، fait sa toilette.

-**ئابرووی خۆی بە خۆرایی نەبا** ) ne te ravale pas pour rien littéralement : l'honneur ton propre gratuitement ne porte pas

**( نەبە ) بە گوێرەی ئەحمەد خان لێرەدا بەرانبەر بە (مبر) ی فارسی كە واتەی ( نەیبە) دەگەیەنێ دەوەستێ.**

[٥٠] بڕوانە Institut lingua pers

[٥١] لە تێكستەكە لە جیاتی خۆشەویستی نووسراوە خۆش ئەویستن. وەرگێڕ.

خیوەتی خۆم ma propre tente.

ئەمەیان ئەو دەربڕینانەن کە چۆن لە زمانی فرانسی دەردەبڕێن :

خۆلەمێ je suis ici moi-même

خۆت لەمێ tu es ici toi-même

خۆی لەمێ il est ici lui-même

خۆمان لەمێ nous sommes ici nous-mêmes

خۆتان لەمێ vous êtes ici vous -mêmes

خۆیان لەمێ ils sont ici eux-mêmes

## D – جێناوە لێکدراوەکان Pronoms relatifs

٤١– جێناوە لێکدراوەکان لە زمانی کوردیدا لە جێناوە لێکدراوەکانی فارسی دەچن بە جیاوازییەکی کەم لە گۆکردندا.

٤٢– (کە ) یاوەکوو ( کێ ) بەرامبەر بە ( کی ) کامە دەوەستێ لە زمانی فارسیدا.

٤٣– ( چی) بەرامبەر بە ( چ) ی فارسی دەوەستێ.

٤٤– وەکوو نموونەیەك بۆ گەردانکردنی ئەم جێناوانە لێرەدا چەند ڕستەیەك دەهێنینەوە کە ئەحمەد خان لە فارسییەوە کردوونی بە کوردی :

– مانگایەکی کە شیر دەدا la vache qui donne du lait .

– پیاوێکی کە چاوم پێکەوت l'homme que mes yeux ( mon oeil ) ont vu

– جێگەیەکی کە تێی دادەنیشی یا ڕوودەنیشی l'endroit où tu t'es asis، ou bien suer lequel tu t'es assis.

– حەکیمێك کە حەبی منی نەخۆش خست le médecin don't la pillule m'a rendu malade ( littér. Me malade fit coucher ).

– ژنێکی کە من دوێنێ چاوم پێکەوت la femme que mon oeil a vue hier.

– بیرێکی کە ئاوی دەخۆینەوە le puits don't nous buvons l'eau

– ئەستێرەکان کە زۆر گیشنت ( beaucop ) les étoiles qui force resplendissent.

**پەراوێز : Nota**

وەك چۆن لە پێشدا سرنجمان دا نیشانەی یەکانەیی article d'unité ( یك) لێرەدا بە واتەی کاری نیشانە ( ئامراز ) article دێت و هەر لە بەر ئەمەشە دەبێ بە نیشانەی ( ئامرازی ) le . la ی فرانسی وەریبگێڕین. لەبەر ئەوەی تا ئێستەکە شێوەکانی گەردانکردنی کردار مان باس نەکردووە، بۆیە ئەمانە تێبینی دەکەین کە :

– ( دەدا ) بۆ کەسی سێیەمی تاك لە شێوەی رابووردووی کرداری ( دان ) donnerوەرگیراوە.،

– ( دانیشی ) بۆ کەسی دووەمی تاکی رابووردووی کرداری ( نیشتن ) s'asseoir و هاوواتای synonyme ی کرداری ( روونیشتن ) ە s'asseoir dessus .،

– ( خست )[52] بۆ کەسی سێیەمی تاکی رابووردووی کرداری تێپەری transitif (خستن ) ە fair coucher کە لە زمانی فارسیدا بەرامبەر ( خوابانیدن ) دەوەستێ.،

– ( دەخۆینەوە ) بۆ کەسی سێیەمی کۆی کرداری ئێستەی (خواردنەوە) ، بە فرسی ( اب خوردن ).،

–( گەشن ) بۆ کەسی سێیەمی کرداری ئێستەی ( گەشین ) scintiller. Briller

٤٥– جێناوی لێکدراوی le pronom relatif ( کە ) ئەگەر بکەوێتە دوای ( هەر کەس ) quiconque یا هەرچی quoique لەوانەیە بسرێتەوە یا بە گوێرەی ویستی ئاخێوەر بمێنێتەوە، نموونەکان :

---

[52] دەبێ ووشەی ( خست) خەوتن و ووشەی ( خستن) یش هەر خەوتن بێت. وەرگێڕ.

– به هەر کەس گەیشتی[53] بێژە ( dis à chacun tu auras rencontré
littér. à chque personne tu serais arrivé.
– هەرچی گرتت هی تۆیە ( tout ce que tu aurais empoigné est à toi
littér. quoi que tu empoignerais tien est ).
– هەرکەسێك ببێ. ( qui que ce soit ( littér. quiconque soit ).
– فەرموویە هەرکەس کە پیاو و ژنی دەست دەکەوێ بیکوژن : il ordonna
tomberait entre les ، homme ou femme،chaque personne qui
tuez !،mains

٤٦ – لە پێشدا گوتمان کەوا کوردەکان جێناوە لێکدراوەکان تاوێك بە ( کە ) و تاوێك بە ( کێ ) گۆدەکەن، ئەمەیان چەند دەربڕینێکە کە دەکرێ وەکوو نموونە بیهێنینەوە بۆ بەکارهێنانی ڕێزمانیی ( کی ) :
– تفەنگێکی کە تۆ پێی دەهاوێی le fusil que tu fais tirer
– مندارەکی کە کتێبێکی دڕی l'enfant qui a déchiré un livre
– کتێبێك کە تۆ تیایدا دەخوێنی dedans )، le livre ، dans lequel )
que tu lis.

E – جێناوە نیشانەییەکان Pronoms démonstratifs

٤٧– جێناوی نیشانەیی بۆ دەستنیشانکردنی شتە نزیکەکەکان ( ئەم) یە،
ceci.، celle-ci، celui-ci

٤٨– وەختایەك مەبەست لە دەستنیشانکردنی شتە زۆر دوورەکان بێ، ئەوسا نیشانەی ( ئەوە ) بە کار دەهێنین. cela ، celle-là، celui-là

٤٩– گەردانکردنی ئەم دوو جێناوە هیچ ڕیزپەڕێتیەکی irrégularité تێدا نییە.

[53] گیشتی لە کرداری گیشتنەوە parvenir à, atteindre.

## جێناوە نیشانەییەکانی شتە نزیکەکان

*singulier* تاک

*Nominatif:* ئەم *celui-ci.*،

Génitif : هی ئەم de celui-ci.،

*Datif :* بە ئەم *à celui-ci.*،

Accusatif : ئەمی celui-ci.

Ablatif : لە ئەم par celui-ci،

Locatif : لە ئەمدا dans celui-ci.،

pluriel کۆ

*Nominatif:* ئەمان *ceux-ci.*

Génitif : هی ئەمان de ceux-ci.،

*Datif :* بە ئەمان *à ceux-ci..*،

Accusatif :ئەمانی ceux-ci

Ablatif : لە ئەمان de ceux-ci.،

Locatif : لە ئەماندا dans ceux-ci.،

## جێناوە نیشانەییەکانی شتە دوورەکان

*singulier* تاک

*Nominatif:* ئەوە یا ئەو *celui-là..*،

Génitif : هی ئەوە de celui-là..،

*Datif :* بە ئەوە *à celui-là..*،

Accusatif : ئەوەی celui-là.

Ablatif : لە ئەوە de celui-là.

Locatif : لە ئەوەدا dans celui-là..،

pluriel کۆ

*Nominatif:* ئەوان *ceux-là.*
Génitif : هی ئەوان de ceux-là.،
*Datif :* بە ئەوان *à ceux-là..،*
Accusatif :ئەوانی ceux-là
Ablatif : لە ئەوان de ceux-là.،
Locatif : لە ئەواندا dans ceux-là.،

نموونەکان :

– ئەوان سپینە، ئەمان رەشنە ceux-ci sont ،ceux-là sont blancs noirs

– ئەوان کە لە پێش ئێمەدە بوون ceux qui existaient avant nous.

٥٠– ( ئەوان ) هاوواتای ( کیان ) ە. Ceux-là

F – جێناوە پرسیارییەکان pronoms intérrogatifs

٥١– جێناوی پرسیاری ( کام ) lequel ? la quelle ? لە ( کۆ ) دا ( کامیان ) ، وەکوو جێناوی نیشانەیی pronom démonstratif ( ئەمە ) گەردانەکرێ، ئەمەیان چەند نموونەیەکی بەکارهێنانیەتی :

– کامە ئەورات[٥٤] quelle est cette province?

– لە کام جەنگەڵدا کەوت چاوپێکەوت dans quel bois as-tu vu la perdrix ( littér. dans le milieu duquel bois la perdrix l'oeil aperçut ?

– خۆت بگوێ (بگە) کام ئیشت تاو کرت si tu as ، toi-même،dis jamais fini une affaire ( littér. toi-même dis laquelle ton affair acomplissement ?

---

[٥٤] بە گوێرەی ووشە فرانسییەکە دەبێ ووشەی ئەورات هاوواتای هەرێم بێت. وەرگێڕ.

٥٢- بەکارهێنانی جێناوی پرسیاری ( کێ ) و ( چی)، بە جێناوی پرسیاری ( کی ) و ( چە) quoi ی فارسی دەچێ، نموونەکان:

- کێ دەڕوا ? qui est-ce qui marche ( دەروا) لە کرداری ( رۆین) marcher ەوە.

- چ دەرێی ? que dis-tu

- چ کتێبێکی دەخوانی ? quel est le livre qye tu lis

- کێ لە تۆی دا qui est-ce qui t'a frappé? ( لە تۆی دا لە کرداری ( لێدان ) frapper وە.

- هی کێیە ? à qui appartient-il ( ووشە بە ووشە واتە ? cujus-est )

- کێت کوشت ? qu'as tu tué

- بە کێ دەدا ? à qui a-t-il donné

- لە کێت بیست de qui as-tu e ،? tendu

- نەزانم لە کێم بیست ? je ne sais pas de qui j'ai entendu

- لە کێ وەرگرت ? de qui l'a-t-il pris ( وەرگیرت لە کرداری وەرگیرتن enlever، prendre ەوە ).

- لە کێمان گوت ? de qui avons-nous parlé

- فکر لە کێ دەکەیەوە ( ? littér. la pensée de qui fais-tu ) à qui pense-tu ? ( دەکەیەوە) کەسی سێیەمی تاکی ئێستەی کرداری ڕیزپەری (کرتن) یا (کردن) ە faire

٥٣- جێناوی پرسیاری فرانسی lequel، laquelle d'entre eux بە کوردی دەبێتە ( کامیان ) بە ( کۆ) کە پێشتر باسمان لێ کردووە. نموونەکان :

- کامیان گوتی ? lequel d'entre eux a dit

- کامیانە ئەوەی تۆ دەتەوێ lequel d'entre eux ( de celui-là ) te plaît ?

٥٤- لە بریتی چ دەتوانین بلێین چوو. نموونەکان :

چوو پیاوێك یا وەکوو پیاوێك چوێ ? qu'estce que cet homme

( بە ئیدیۆتیزمی * idiotisme تایبەتی کوردی دەگووترێ : پیاوێکی چلۆنی
quel est cet homme ? littér. l'homme de quelle coleur est-il ?

## G – جێناوی نەناسیاوی Pronoms indéfinis

٥٥– ( کیکە ) راستەوخۆ دەخرێتە دوای ناو ، بەرانبەر جێناوی نەناسیاوی ئەوی دیکە دێت، نموونەکان :

